دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

کوردستان

ژمارە:
٥٢١

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ٣٠ی رەزبەر ١٣٨٨ ـ ٢٢ی ئۆکتوبەری ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی




سکرتێری گشتیی حیزب لە میزگردی تەلەڤیزیۆنی VOAدا

سیاسی




روانینێك بۆ یاسای بنەڕەتیی ئێران

کوردستانی



فاشیستەکان لە ئاشتی دا دەیدوڕێنن

کۆمەڵایەتی



ئێران لە ریزی یەکەم دایە

### خالید عەزیزی لە نامەیەک دا بۆ بان کی مون:

# پێشگیری لە پێشێلکردنی سیستەماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئەرکی ئینسانی و رێکخراوەییتانە





کوردستان ـ بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەك دا بۆ بان کی مون، سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارودۆخی دڵتەزێنی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاگاداری کردەوە و هەوڵدان بۆ پێشگیری لە پێشێل کردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێرانی بە ئەرکێکی ئینسانی و رێکحراوەیی بان کی مون لە قەڵەم دا.

لە نامەکەی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نوسخەیەکی دەست "کوردستان" کەوتوە وێڕای وەبیر هێنانەوەی پێشێل کرانی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤی کورد لە ٣٠ ساڵی رابردوودا وەکوو کوشتاری بە کۆمەڵ، تیرۆری چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات و راگواستنی چالاکوانانی سیاسی، فەرهەنگی، مافی ژنان و مافی مرۆڤ و کوشتاری کاسبکارانی سەر سنوور، ئاماژە بەوە کراوە کە لەم ساڵانەی دوایی دا پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ رۆژ بە رۆژ لە هەڵکشان دا بووە. لە بەشێکی نامەکەدا

ل ٢

## تاوان لە بەرامبەر تاوان دا

**عەبدوڵڵا بەهرامی**

رۆژی یەك شەممە ٢٦ی رەزبەر لەئاکامی خۆتەقاندنەوەی کەسێکی خۆکوژ لەنێو کۆبوونەوەی فەرماندەرانی سوپاو سەرۆك عەشیرەکانی ناوچەی "پیشین" هەڵکەوتوو لەنێوان شارەکانی سەربازو چابەهار دا، دەیان کەس کوژران و دەیان کەسیش بریندار بوون. بە پێی زانیارییە پشتراست کراوەکان لەنێو کوژراوەکان نوورعەلی شووشتەری جێگری فەرماندەی هێزی زەمینیی سوپاو چەند کەس لەفەرماندەرانی دیکەی سوپا بەرچاو دەکەون. دیارە ئەوە یەکەم جار نیە ناوچە بەلووچ نشینەکانی ئێران دەبنە مەیدانی کردەوەی لەم چەشنە. ئەم ناوچەیە بەهۆی ئاوێتە بوونی حەشیمەتی شیعەو سوننی، چالاکیی گرووپە چەکدارەکان، سنووری دوورو درێژ لەگەڵ پاکستان، قاچاغی مەوادی موخەدیر و گرنگتر لەوانەش نارەزایەتیی خەلکی خۆجێیی لەو بەرپرسانەی حکوومەتی ناوەندی دایناون و.. ئەمنییەتێکی لاوازی هەیە.ئەم ناوچەیە لانیکەم لەچوار ساڵی رابردوودا گەلێك کردەوەی لەم چەشنەی بەخۆیەوە دیتوە.هەر لەجۆزەردانی ئەم ساڵ دا لە کردەوەیەکی هاوشێوەدا کە مزگەوتی شیعەکانی زاهیدانی کردبوو ئامانج دەیان کەس کوژران و بریندار بوون.

دوابەدوای هەموو ئەو رووداوانە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، گرووپی جوندوڵڵاو وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیایان بە دەست تێدا بوون لەو چەشنە کردەوانەدا تۆمەتبار کردووە. تۆمەتێك کە لەلایەن وڵاتانی ئەمریکاو بریتانیاوە بەتوندی رەت کراونەتەوەو لەلایەن گرووپی جوندوڵڵاوە بەراشکاوی پشتڕاست کراوەتەوە.

هەر چەندە ئەوە بووە بە عادەتێك کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای روون بوونی لایەنێك کە دەستی لەو جۆرە کردەوانەدا بووە وڵاتانی وەك ئەمریکا و بریتانیابە پشتیوانی لە دوژمنەکانی تۆمەتبار بکاو بەم چەشنە زەینەکان لە سەر هۆکاری ئەم چەشنە توندوتیژییانە لارێ بکا، بەڵام جۆرو چەشنی ئەو پەرچە کردارانەی لە سیستان و بەلووچستان بزووتنەوەی جوندوڵڵا گرتویەتە بەر جێگای تێرامانە. هەر چەند نارزاییانی بەلوچ بە جیاوازیی بیرورایانەوە باس لەستەمی مەزهەبی و نەتەوەیی و سەرکوت و رەفتاری توندوتیژیو نامرۆڤانەی دەزگا ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەلووچستان دەکەن و بەشێکیان ئەو ستەمانەو لەراستی دا قورسایی سەرکوت دەکەنە بیانووی پەرچە کرداری لەم چەشنە و کردەوەی تیرریستی، بەڵام لەراستی دا بزووتنەوەیەکی رەواو مافخوازانە هیچ پێویستییەکی بە پەنا بردن بۆ میتۆدی قێزەونی وەك تیرۆر و خۆتەقاندنەوە نیە.

ئەوە راستە کەکۆماری ئیسلامی سی ساڵە لەو ناوچانەی کەلە باری نەتەوەیی و مەزهەبیەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا لەناتەبایی دان سەرکوت و ستەمێکی قورس و سیستماتیك بەرێوە دەبا.

ل ٢

## هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد



سەر لە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە، ٢٣ی رەزبەر ، هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد. هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە بەرێزان مەلا بەختیار کارگێڕو وتەبێژی مەکتەبی سیاسی، سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، رێبین محەممەد سۆفی بەرپرسی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆیە و ژمارەیەك لە کارگێڕان و بەرپرسانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی نیشتمانی لە شاری کۆیە پێك هاتبوون، لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهاتوو...

ل ٣

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ خاتوو دانیال میتران لە هەولێر



کاتژمێر ٦ی ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە ١٦ی رەزبەری ٨٨ ، هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان حەسەن رەستگار ، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، عومەری باڵەکی و خەدیجەی مەعزوور لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان، سەردانی دانیال میتران دۆستی لەمێژینەی گەلی کوردیان کرد.

هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو دیدارەدا وێڕای بەخێرهێنانی مادام میتران ، سوپاسی هەڵوێستەکان و پشتگیریی بەردەوامی بەڕێزیانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد کرد و رایگەیاند کە خەڵکی کوردستان هیچ کاتێك ئەو هەڵوێستە ئینسانی و دۆستانەیەی لەبیر ناکەن.

خانمی میترانیش وێڕای دووپات کردنەوەی پشتیوانیی خۆی لە داخوازەکانی گەلی کورد، داخ و کەسەری خۆی لە لەتبوونی حیزبی دێمۆکرات دەربڕی و...

ل ٢

## نامەی ٥٠ یاسادانەری دیموکرات و کۆماریخواز بۆ ئۆباما سەبارەت بە سزادانی ئێران



٥٠ پارلمانتاری دێموکرات و کۆماریخوازی ئامریکا، لە نامەیەک دا داوایان لە باراک ئۆمابا، سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان کردوە کە یاسای سزادانی ئەو کۆمپانیا و شیرکەتانەی کە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلاریان لە کەرتی وزەی ئێراندا خستۆتە گەڕ بە جیدی بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

بڵاو بوونەوەی ئەو نامەیە هاوکات بوو لەگەڵ رێکەوتنی رۆژی چوارشەممەی نێوان نوێنەرانی ئەمریکا، فەڕانسە و ڕوسیە و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم لەگەڵ ئێراندا، کە سەبارەت بە پرۆگرامی ناوکیی ئێران لە ڤییەن کۆببوونەوە.

ئەو ٥٠ پارلمانتارە لە نامەکەیاندا داوایان لە ئۆباما کردوە کە هاوکات لەگەڵ وتووێژەکاندا، ئامادەکاری بۆ سەپاندنی سزای زیاتر بکرێ تاکوو ئەگەر هاتوو ئەو وتووێژانە شکستیان هێنا، دەستبەجێ ئەو سزایانە بخرێنە گەڕ.

زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی هەردووک مەجلیسی پیران و یاسادانانی ئەمریکا لەم بڕوایە دان کە ئێران لەو وتووێژانە بۆ کڕینی کات کەڵک وەردەگرێ و بە نهێنی سەرقاڵی بەرهەم هێنانی چەکی ناوکییە...

ل ٢

## لە پارێزگای سنە ٤٠١ نەخۆشی گیرۆدە بە ئێیدز هەن




بە گوێرەی دوایین ئامارەکانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی سنە، ژمارەی نەخۆشەکانی تووشبوو بە ویروسی HIV لە ئاستی پارێزگای سنە دا گەیشتۆتە ٤٠١ کەس.

ئاژانسی موکریان نیوز بڵاوی کردەوە کە جێگری بێهداشتی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی سنە وێرای راگەیاندنی ئەم هەواڵە رایگەیاندوەکە لەم ئامارەدا نەخۆشیی ٥٧ کەسیان وردە وردە خەریکە دەردەکەوێ و ١٢٩ کەسیشیان گیانیان لەدەست داوە.

"بیدادپوور" لە پەیوەندی لەگەڵ شێوەی تووش بوونی ئەم کەسانە بە نەخۆشی ئێیدز لەم پارێزگایەدا گوتی: ٨٧ لە سەدی ئەو کەسانە لە رێگای تەزریق بە سۆرەنگی پیس، ٤ لە سەدیان بە هۆی پێوەندیی جینسیی نامەشرووع ، ٨ لە سەدیان بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە خوێنی پیس و ٣ لە سەدیان بە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی لە دایکەوە بۆ منداڵ تووشی ئەو نەخۆشییە هاتوون.

# کۆنفرانسی شەهیدانی گەلاوێژی ١٣٨٨ لە نۆرویژ سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات



کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٧.١٠.٢٠٠٩ کۆنفرانسی گشتیی کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی نیزیک بە ٢٠٠ کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ژمارەیەک میوان و، بە ئامادەبوونی بەڕێزان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک ڕەحیم محەممەدزادە، جێگری بەرپرسی کۆمیسیونی تەشکیلات لە دەرەوەی وڵات دەستی پێ کرد.

کۆنفرانس بە چەند وتەیەک لە لایەن بەڕێز فەوزیە ئەحمەدی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ کرایەوە. پاشان بەرنامەی کاریی کۆنفرانس کە لە دوو بەشی سیاسی و تەشکیلاتی پێکهاتبوو دەستی پێ کرد. لە بەشی یەکەم دا کە بۆ سەرجەم بەشداران ڕێک خرابوو، بەڕێز کاک خالید عەزیزی باسێکی سیاسی و پڕنێوەرۆکی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، هەروەها ئاڵوگۆڕەکانی نێونەتەوەیی، ناوچەیی و ئێراندا پێشکەش کرد. بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە گەلی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی ٣٠ ساڵە بەربەرەکانی دەکا لە گەڵ شەڕێکی نەخوازراو، سەرەڕای ئەوەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە ویستمان بە میکانیزمی ئاشتی و دیالۆگ بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانمان هەڵس و کەوت بکەین، بەڵام بەداخەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە شەڕمان بەسەردا سەپا. سکرتێری گشتی حیزب لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا هاتە سەر مەسەلەی هەڵبژاردنی دەیەمین دەورەی سەرکۆماری لە ئێران و ئاماژەی بەوە کرد کە هێزێکی سیاسی دەبێ بۆ ڕووبەڕو بوونەوە لەگەڵ کێشەکان هەر کات لە ئاڵترناتیوی نوێ کەڵک وەرگرێ. ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران دا پاش باسێکی چڕوپڕ لە ڕێبەرایەتی و بەدەنەی حیزب و هەروەها پێوەندی قووڵی دوولایەنە لەگەڵ نێوخۆیی کوردستان، بەو ئاکامە گەیشتین کە هەڵبژاردن تەحریم نەکەین. ئاکامی "کودتا مهندسی" یەکەی دەسەڵاتدارانی حاکم بە سەر ئێران و حەرەکەتی ئیعترازیی بەرین و بەربڵاوی خەڵکی ئێران بە گشتی بە نیسبەت ئەو دەرئەنجامە، واقیع بینی و دروست بوونی هەڵوێستی ئێمەی دەرخست. بەڕێز کاک خالید عەزیزی لە کۆتایی وتەکانی دا ئاماژەی بە زەرورەتی لێکنیزیکبوونەوەی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات کرد و وتی پێویستە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕووحێکی سەردەمیانە و بە هەست بە بەرپرسایەتی بە نیسبەت بەرژەوندیەکانی نەتەوەیی، لە بەرانبەر یەکتر دا هەڵسوکەوت بکەن. لە کۆتایی ئەو بەشە دا بەشداران بە پرسیار، ڕەخنە و پێشنیار باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد کە لە لایەن بەڕێز سکرتێری گشتی وڵامیان درایەوە.

لە بەشی دووهەمی کۆنفرانسەکەداکە بۆ کاروباری تەشکیلاتی تەرخان کرابوو، کۆنفرانس بە دەنگی تێکڕای ئەندامان، بە ناوی کۆنفرانسی "شەهیدانی گەلاوێژی ١٣٨٨ " ناودێر کرا. پاشان کاک ڕەحیم محەممەدزادە جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب باسێکی تەشکیلاتیی پێشکەش کرد. دواتر ڕاپۆرتی کۆمیتە لە لایەن بەڕێز خوسرەو قادری، بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوە کە دوای باسێکی تێروتەسەل و پرسیارو تێبینییەکانی ئەندامان لە پێوەندی لە گەڵ وەزعییەتی حیزب بە گشتی، تەشکیلات و کۆمیتەی وڵاتی نۆرویژ بە تایبەتی، لە لایەن بەڕێزان کاک خالید عەزیزی، کاک ڕەحیم محەممەدزادە و کاک خوسرەو قادری وڵامیان دراوەتەوە.

بەشی کۆتایی کۆنفرانس تەرخان کرا بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی نوێ. سەرەنجام کۆنفرانس‌پاش چەند سەعات کاری بەردەوام، سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

دریژەی

# نامەی ٥٠ یاسادانەری دیموکرات و کۆماریخواز بۆ ئۆباما سەبارەت بە سزادانی ئێران

ئەو ٥٠ نوێنەرە داوایان لە ئۆباما کردووە کە یاسای ساڵی ١٩٩٦ی زایینی کە بە یاسای " داماتۆ" بەناوبانگە، و لەپەیوەندی لەگەڵ سەپاندنی سزا بە سەر ئێراندا، لە لایەن کۆنگرەی ئەو وڵاتەوە دەستەبەر کرا، بخریتەوە کار و گشت برگەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت.

بە گوێرەی ئەو یاسایە سەرۆک کۆمار دەسەڵاتی ئەوەی دراوەتێ کە ئەو شیرکەت و کۆمپانیا غەیرە ئەمریکیانەی کە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلار لە کەرتی بەرهەم هێنانی نەوت و گازی ئێراندا لەو وڵاتە بخەنە گەڕ، مافی هاریکاری و سەرمایە دانان لە پڕۆژە ئەمریکییەکاندا لێ بستێنێتەوە.

سەرچاوە: ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵات

# سمیناری "حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئاکامەکانی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری "لە دانمارك بەڕێوە چوو



ڕۆژی یەکشەممە ، ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان سیمینارێکی سیاسیی لە ژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری لە ئێراندا و ئاکامەکانی" بۆ هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا بەڕیوە برد. نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا سەرەتا ئاماژەی بە هۆکارەکانی لەتبوونی حیزب و "عەقلییەتی انحصار" و پراکتیزەنەبوونی دێمۆکراسیی دەروون حیزبیی بە هۆکاری سەرەکیی لەتبوونی حیزب لە قەڵەم دا. لە درێژەی باسەکەدا هاوڕێ ئاهەنگەری باسی هەڵبژاردنی دەورەی دەیەمی سەرکۆمارییی لە ئێراندا کرد و لە میانەی ئەو باسەدا ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵبژاردن کردارێکی سیاسییە و لە وڵاتانی دێموکراتیک و کراوە لە باری سیاسییەوە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوون و هاتنەئارای گۆڕانکاری، بە واتایەکی دیکە گۆڕانکارییە نەهادینە و یاسامەندەکان پێش بە شۆڕش و گۆڕانی بنەڕەتی دەگرن. ئەمەش نایەتە دی مەگەر لە ڕێگای بوونی کێبەرکێیەکی سالمی سیاسی لە نێوان ئەحزاب و کاندیداکان و هاتنەگۆڕێی بەرنامە و گەڵاڵەی جۆراوجۆر لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە. هاوڕێ کاوە دواتر ئاماژەی بە بایکۆت نەکردنی هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کرد و هەڵوێستی حیزبی بە هەڵوێستێکی جیاواز وەسف کرد. لەدرێژەدا بەڕێزیان ئاماژەی بە کارکردی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا کرد کە بە مافی خاوەندارێتی خەتم دەبێ. بە واتایەکی دیکە کەسێک کە بەشدار دەبێ خۆی بە خاوەنی پرۆسەکە دەزانێ و هەربۆیەش بەدوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردندا، پرسیاری ڕووخێنەر و هەژێنەری "دەنگی من کوا" هەموو جیهانی تەنیوەتەوە. لە درێژەدا هاوڕێ ئاهەنگەری لە بەشی ئاکامە ئەرێنییەکانی بزووتنەوەی چەند مانگی ڕابردوو ئاماژەی بە کەم کردنەوەی پاسیڤیزمی سیاسی لە نێو کۆمەڵانی خەلک، هاتنە ئارای شەفافییەتی سیاسی، ڕمانی مەشرووعیەت و ئیقتداری دەستگای ڕێبەری و ولایەتی فەقیه لە ئێران، ناساندنی ڕووخساری ڕاستەقینەی ڕژیمی ئێران بە گەلانی جیهان، چالاکتربوونی پێوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاراوگە، پێکهاتنی سەفبەندیی نوێ لە نێوخۆی وڵات بە گشتی و کۆمەڵی دەستەلاتداری ماوەی سی ساڵی ڕابردوو، ڕاکێشانی پشتیوانیی مەعنەویی جیهان لە بزووتنەوەی خەلکی ئێران و سووڕانی وەرەقی سیاسی لە ئێراندا کرد. هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری سەبارەت بە گشتگیرنەبوونی بزووتنەوەی سەوز لە کوردستاندا و بەشدارینەکردنی چڕوپڕی خەڵکی کورد لەم ڕووداوانەدا، باسی چەند هۆکاری وەک، نیگای زۆر ئەمنییەتی ڕژێم لە سەر کوردستان و زۆرتربوونی خەسارەت و ڕادەی قووربانیدان لە کوردستان، نزمبوونی میچ و ئاستی داواو و مەبەستە سیاسییەکانی ئەم بزووتنەوەیە بە نیسبەت گەلی کورد لە ئێران، لە سەرەتادابوونی بزووتنەوە و چڕکردنەوە و پێوەندیی بزووتنەوە بە کێشەی " تقلب" لە هەڵبژاردندا بە جێگای مافی نەتەوایەتی و پێکهێنانی گۆڕان لە ڕێژیم داو ... هتد کرد.

کاوە ئاهەنگەری لە بەشی کۆتایی وتارەکەیدا ئاماژەی بە هۆکاری سەرەکیی پێشوازیی حدک لەو بزووتنەوەیە کرد و وتی حیزب لە دوو بەستەر و گۆشەنیگاوە دەڕوانێتە ئەم بزووتنەوەیە. یەکەم گۆشەنیگای کوردستانی و نەتەوەیی خۆی کە لە ئاڵوگۆڕ و پێشهاتەکان بۆ هەرچی زیاتر وەدەستهێنانی مافەنەتەوایەتییەکان کەڵک وەدەگرێت. هەروەها لە باری پێکەوەلکانی ژیانی نەتەوەکان و شەپۆلەکانی بەجیهانیبوون کە گەلانی دنیا زیاتر لە هەمیشە لێک نزیک دەکاتەوە و پەیوەستبوون و پێوەندیی نێوانیان زیاتر دەکات، جێگیربوونی دێموکراسی و ئاسایش و ئەمنییەتی ژیان لە نێو گەلانی هاوسێی کوردیشدا، شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر چۆنیەتیی ژیانی گەلی کورد دادەنێت، هەر بۆیە گەلی کورد پێویستە لە دێموکراتیزەکردنی پێکهاتە و بافتی کۆمەڵایەتیی جیرانەکانی پێشوازی بکا، دەنا پێچەوانەکەی هەردەم دەتوانێ مەترسیی بن بۆ ئاسایش و ڕەوشی ئەمنییەتی کورد لە ئێراندا.

هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە کورد ناتوانێ بە ئامانج بگات مەگەر بە یەکیەتی و گەیشتن بە پلاتفۆڕمێکی هاوبەش لە نێوان هێز و حیزب و ڕێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی لە ئێراندا و بە بێ یەکیەتی ئاست و ڕادەی لەدەستدان و دۆڕان زیاتر لە دەستکەوتەکان دەبێ.

شایانی باسە کە بەشی کۆتایی سمینارەکە تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و تێبینیی بەشداران کە بە گەرمی پێشوازی لێ کراو بەشدارانی کۆڕەکە چالاکانە تێیدا بەشداربوون.

دریژەی

# تاوان لە بەرامبەر تاوان دا

بۆیە هیچ کەسێکی خاوەن ویژدان ناتوانێ نکۆلی لەو ستەم و سەرکوت و جیاوازیدانانە بکا کە ڕۆژانە لە سیستان و بەلووچستان بە شێوەیەکی سیستماتیك بەڕێوە دەچن و ڕەنگە زۆر کەسیش پێی وابێ کە توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێتەوەو ئەوە ڕەفتاری توندوتیژو بێبەزەییانەی هێزو دامودەزگا نیزامی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە کە ئەم چەشنە پەرچە کردارانەی لێکەوتۆتەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش دەزانین کە گەلێك هۆکاری دیکە هەن کە پەرچەکردار بەرامبەر بەستەم و سەرکوتی مەزهەبی و نەتەوەییان لەو ناوچەیە تێکەڵ بە توندوتیژیی و تەنانەت کردەوەی قێزەونی تیرۆریستی و خۆتەقاندنەوە کردوە. لەوانە: دواکەوتوویی، دەمار گرژیی مەزهەبی، کاریگەریی ڕەوتە بناژۆ خوازەکانی وەك ئەلقاعیدە و تالیبان لەسەر خەڵکی سوننی مەزهەبی ناوچە. لەبەر ئەو هۆکارانەی ناوبران خۆکوژەکان جیاوازییەك لەنێوان هێزە سەرکوتکەرەکانی سوپاو خەلکی ئاسایی‌دا دانانێن و لەراستی دا خەریکی شەڕێکی دەمار گرژانەی مەزهەبین و بەم چەشنە ڕەوایی بەرەنگاری و خەباتی ڕەوای خەلکی بەلووچستانیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەوان بەم جۆرە کردەوانەیان تەنانەت زەمینە بۆ مەزلوومنمایی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت کەمڕەنگ بوونەوەی ئەو هەموو تاوان و جینایەتەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەلووچستان ئەنجامیان دەدا خۆش دەکەن.

لەکۆتایی دا پیویستە بلێین ڕاستە سیاسەتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی پەرچە کرداری توندو تیژانەی لێ دەکەوێتەوە و بزووتنەوەیەکی مافخوازانە مافی خۆیەتی لە هەموو شێوازەکانی خەبات و بەرەنگاریی ڕەوا کەڵك وەرگرێ، بەڵام بەزاندنی سنووره ئەخلاقییەکان و جیانەکردنەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان لە خەڵکی ئاسایی و بەتایبەتی پەنا بردنە بەر تیرۆرو خۆتەقاندنەوە نەك بە زیانی دوژمن بەڵکو بە زیانی بزووتنەوەی خەڵکی ستەملێکراو تەواو دەبێ.

دریژەی

# چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ دانیال میتران لە هەولێر

... ئاواتی خواست کە تێکۆشەرانی دێمۆکرات جارێکی دیکە یەکڕیزیی خۆیان بەدەست بێننەوە و لە دیدارێکی دیکەدا هەمووان پێکەوە ببینێ. لە وڵامی ئەو ئاواتەی مادام میتران دا هەیئەتی حیزبی دێمۆکرات ڕایگەیاند کە ئێمە بە نۆرەی خۆمان هەمیشە ئامادە بووین و ئامادە هەین بۆ هەموو جۆرە نیزیکی و هاوکارییەک تا سنووری یەکگرتنەوە دەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان و ئەو لەتبوونەی لە حیزب دا ڕووی داوە قەت بە ویست و ئیرادەی ئێمە نەبوە. شایانی باسە ، لە نێوەڕاستەکانی مانگی ڕەزبەر خاتوو دانیال میتران بە سەردانێکی ڕەسمی هاتە هەرێمی کوردستان و وێڕای چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوو قوتابخانەی فەڕانسەیی _ کوردیی لە هەولێر و سلیمانیی کردنەوە و لە پارلمانی کوردستانیش وتارێکی جوانی پێشکەش کرد و لەودا پێی لەسەر دڵسۆزیی خۆی بۆ نەتەوەی کورد دووپات کردەوە و هەموو کوردەکانی بۆ یەکڕیزی و تەبایی بانگهێشتن کرد.

دریژەی

# خالید عەزیزی لە نامەیەک دا بۆ بان کی مون

هاتوە: لەم ساڵانەی دوایی دا کە ڕێژیم دەزانێ پێگەی کۆمەڵایەتیی نەماوە و بەرەو ڕووی جووڵانەوەیەکی سیاسی و مەدەنی بۆتەوە، بە تایبەت لە کوردستان دا دەستی داوەتە نیزامی کردنێکی بێ وێنە. هەر لە چواچێوەیەش دا هێرش بۆ سەر چالاکوانانی کورد لە هەموو بوارەکانی سیاسی، مافی مرۆڤ، ژنان، لاوان و فەرهەنگی دا زیادی کردوە و کوشتن و گرتن و ڕاوڕووتی خەڵکی کاسبکار و زەحمەتکێش بەرەو ژوور چووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی نامەکەی دا تیشکی خستۆتە سەر دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ٣ مانگی ڕابردوودا و بە درامایەکی دڵتەزێن ناوی دەبا کە بە هیچ شێوەیەک لە سەردەمی ئێستادا بۆ کەس قەبووڵ ناکرێ و دژایەتیی هەیە لەگەڵ تەواوی بڕیارەکانی نێونەتەوەیی لە بواری مافی مرۆڤ دا. بەڕێز عەزیزی وەکوو نموونە ئاماژە بە کوژرانی ٦٠ هاوڵاتی کورد و بریندار بوونی ٢٨ کەسی دیکە لە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم، گرتنی ٧٦ چالاکی سیاسی و مەدەنغی کورد ... لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردوودا دەکا. شایانی باسە ئەم نامەیە هاوکات بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە یەکیەتیی ئورووپاو ڕێکخراوی ئەمنێستی ئینەرناسیۆنال ڕەوانە کراوە.

# دوو چاوپێکەوتنی بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لە ژنێڤ



بەیانیی هەینی ١٦ ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩، د. ئاسۆی حەسەن زادە بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری حیزب بۆ پێوەندی لەگەڵ نیهادەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ بەڕێز "ئینگوانگ شۆفێل" بەرپرسی نوێنەرایەتیی گەلی تیبێت لەلای نیهادەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ و نوێنەری ڕێکخراوی گەل و نەتەوە بێدەوڵەتەکان UNPO لە ژنێڤ کۆ بۆوە. لەو دانیشتنەدا هەر یەک لە حەسەن زادە و شۆفێل پاش شیکردنەوەی تازەترین گەشەسەندنەکانی پێوەندیدار بە گەلی خۆیان بۆ یەکتر، خاڵەکانی وێکچوون لەنێوان خەباتی ئێستای گەلی کورد بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و خۆڕاگریی دەیان ساڵەی تیبێتی‌یەکان لەبەرامبەر دەوڵەتی چینیان دەستنیشان کرد و قامکیان لەسەر ئەو ڕاستی‌یە دانا کە زۆر بوار بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون و هاوپێوەندی لەنێوان تێکۆشەرانی گەلێکی وەک گەلی تیبێت و تێکۆشەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات هەیە.

بەڕێز شۆفێل لەو باوەڕەدا بوو کە کەناڵە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ ئەگەر بە هەماهەنگی و پوشتکارەوە بەکار ببرێن دەتوانن دەسکەوتی باشیان لێ بکەوێتەوە و بەکاربردنی ژیرانەیان دەتوانێ لە بێ ڕوحمی و سەختیی ئەو پارامێترە سیاسی‌یانە کەم بکاتەوە کە گەلانی بێ هێز و بێ پشتیوانی جیهان گیرۆدەی بوون. لێرەدا ناوبراو بەتایبەتی ئیشارەی بە ئەزموونی ئەم دواییانەی فەلەستینی‌یەکان کرد کە سەرەڕای ئەو هەموو پشتیوانی‌یە سیاسی‌یەی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیانە، ئێستا بە هۆی بونبەستی پرۆسەی چارەسەری سیاسیی کێشەکەیان بەو قەناعەتە گەیشتوون کە بۆ چاککردنی دۆخی ڕۆژ بە ڕۆژی خەڵکی خۆیان پێویستە لە فۆرۆمە نێونەتەوەیی‌یەکاندا هەوڵ و توانایەکی زۆرتر بۆ زەقکردنەوە و بردنە پێشی بابەتە کۆنکرێتەکانی مافی مرۆڤی گەلەکەیان تەرخان بکەن. لە کۆتایی‌دا هەردوو لا سەبارەت بە چۆنیەتیی بردنە پێشی مەسەلە هاوبەشەکانی نێوانیان لەلای نیهادەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگشتی و ئۆرگانەکانی پێوەندیدار بە پارێزگاری لە کەمایەتی‌یەکان بەتایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ئەزموونیان کرد.

لە دانیشتنێکی دیکەدا کە دوانیوەڕۆی دوو شەممە ١٩ ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ لە بنکەی ڕێکخراوی بانگەوازی ژنێڤ بۆ نەهێشتنی مینە دژە کەسی‌یەکان واتە "جنیڤا کاڵ" بەڕێوە چوو، هاوڕێیان نیشتمان عەزیزی و ئاسۆی حەسەن زادە لەلایەن خانمی "ئێلیزابێت دیکرێ وارنێر" سەرۆکی پێشووی کۆماری ژنێڤ و ئەندامی پارلمانی ئەم ئەیالەتە پێشوازی‌یان لێ کرا. لە کۆبوونەوەیەکدا کە سەعاتێکی خایاند، سەرەتا هەردوولا پاش ئاوڕدانەوە لە ڕابردووی پێوەندیی نێوانیان کە بناخەکەی لە سەردەمی سکرتێریی مامۆستا عبداللە حسن زادەدا و لەگەڵ ناوبراو دامەزرابوو، کۆمەڵێک باس و خواسی پێوەندیدار بە کار و تێکۆشانی هەردوولایان تاوتوێ کرد. پاشان ئاسۆی حەسەن زادە وێڕای شیکردنەوەی هێندێک مەسەلەی پێوەندیدار بە دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە ئێران لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی نێوخۆی ئێراندا و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بارەوە، ڕوانینی خۆی سەبارەت بە فەلسەفەی وجوودیی ئەو ئیبتکارانەی وەک بانگەوازی ژنێڤ دەربڕی کە ڕێزگرتن لە ئەرک و ئیجبارەکانی قانوونی بەشەردۆستی بە بزووتنەوە چەکدارە نێوخۆیی‌یەکان پێشنیار دەکەن. ئەو لەو پێوەندی‌یەدا فراوانکردنەوەی بازنەی لایەنە پەیمانبەستەکانی ئەم جۆرە ئیبتکارانەی بە فاکتەرێکی وەدیهێنانی ئامانجی ئەم ئیبتکارانە کە بریتی‌یە لە بەرپرسیار کردنی بزوتنەوە چەکدارەکان لە قەڵەم دا، ئەوە جیا لەوە کە بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد هەمەلاگیر کردنی ئەم جۆرە ئیبتکارانە دەرەتانێکیشە بۆ پێکەوە گرێدانی تۆڕی ئەو نیهاد و ناوەندانەی سەرنج بە کورد و خەباتەکەی دەدەن.

هەرچی خانمی "دیکرێ وارنێر"یشە وێڕای تەئیدی ئەو بۆچوونانە، باسی ئەوەی کرد کە ئێستا ڕێکخراوی "جنیڤا کاڵ" جیا لە کونوانسیۆنی ئۆتاوا و خەبات بۆ نەهێشتنی مینە دژە کەسی‌یەکان، بواری کار و تێکۆشانی خۆی بۆ هێندێک پرسی دیکەی قانوونی بەشەردۆستی وەک بە چەکدار کردنی منداڵان و توند و تیژی لەگەڵ ژنان لە کۆنتێکستی شەڕی نێوخۆیی‌دا فراوان کردۆتەوە. لە کۆتایی ئەم دیدارە دۆستانەیەدا هەردوولا سەبارەت بە ئاجێندای قووڵکردنەوەی پێوەندی‌یەکانیان هەماهەنگیی پێویستیان کرد.

# سەردانی هەیئەتێکی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب



هەیئەتێکی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٨ی ڕەزبەری ١٣٨٨ سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد. هەیئەتی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان کە لە "عەلی ئەسغەر خۆسرەوی"، وتەبێژی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان و "عەلی مێهرابی" ، ئەندامی ڕێبەردی ئەم بزووتنەوەیە پێک هاتبوون لە لایەن "مستەفا مەولوودی"و "کەماڵ کەریمی" ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و "سمایل بازیار" جێگری کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و "مادێح ئەحمەدی" پێشوازییان لێ کرا. لە بەشێکی دانیشتنی نێوان هەر دوو هەیئەتی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا باس لە دوایین ئاڵوگۆڕو پێشهاتە سیاسییەکان، ڕوانگە و هەڵوێستی هەر دوو لا بەرامبەر بە ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا. لە بەشێکی دیکەی ئەم دانیشتنەدا بە وردی تیشک خرایە سەر مەسەلەی نەتەوە بندەستەکان‌و کەمینە ئایینیەکان لە ئێران و بە تایبەتی داهاتووی نەتەوەی کوردو یارسانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم دانیشتن هدا هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی یارسانی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی یارسانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز نرخاندو هەروەها جەخت لەسەر پەیوەندیی زیاتری نێوان هەر دوو لا کرایەوە. جێی ئاماژەیە ئەم دانیشتنە زیاتر لە ٢ کاتژمێری خایاند.

# کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی کەمپەینی داکۆکی لە بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی لە سلێمانی

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی ڕەزبەر، بە مەبەستی باس لە بارودۆخی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد و هەروەها کار و چالاکییەکانی کەمپەینی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی ، کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی بۆ ئەو کەمپەینە لە هۆڵی ئازادیی شاری سلێمانیی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو. لە سەرەتای کۆنفڕانسەکە دا خالید محەممەدزادە، بەڕێوەبەری ئەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییە، سەبارەت بە بارودۆخی کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد ڕاپۆرتێکی پێشکەش کرد. دواتر "چیای موللاک"، وتەبێژی کەمپەینی داکۆکی لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە پەیوەندی لەگەڵ کار و چالاکییەکانی ئەم کەمپەینە داچەند وتەیەکی پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆنفرانسە دا ئەمجەد حوسێن پەناهی وتەبێژی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کورد پەیامی بنەماڵەی ئەو زیندانیانەی خوێندەوە و لەودا داوای لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ کرد داوا لە کۆماری ئیسلامی بکەن کە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی ئازاد بکا و بڕیاری ئیعدامەکانیان هەڵوەشێنێتەوە.

دواتر لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆنفرانسەدا باس لە کەمپەینی ئازادیی کەماڵی شەریفی کرا و خالید محەمەدزادە لەو پێوەندییەدا گوتی کە بۆ ئازادیی کەماڵی شەریفی تا ئێستا لە دوو قۆناغ دا کار کراوە. لە قۆناغی یەکەم دا تێ کۆشاون کە ئەو ڕۆژنامەنووسە ئیعدام نە کرێ و لە قۆناغی دووهەم دا هەوڵ دەدەن کە حوکمی ٣٠



ساڵ زیندانیی کەماڵی شەریفی کەم بکرێتەوە. شایانی باسە کە هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە نوێنەرایەتیی حیزب لە شاری سلێمانی و هەیئەتێک لە ئەنجومەنی داکۆکی لە زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو کۆنفڕانسە ڕۆژنامەڤانییەدا بەشداربوون.

دریژەی

# سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

... لە مستەفا مولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسی، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە سیمای ناسراوی حیزبی دیمۆکرات و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کرا. لە دانیشتنی ئەم دوو هەیئەتەدا دوایین ئاڵوگۆڕو پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە و کوردستان تاوتوێ کران و هەر دوولا ڕاو بۆچوونی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخەکەدا خستە ڕوو. لە بەشێکی دیکەی ئەم دانیشتنە دۆستانەیەدا تیشک خرایە سەر پێوەندییەکانی نێوان "یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان" و "حیزبی دیمۆکراتی کوردستان"و جەخت لەسەر پتەوتر کردنی هەرچی زیاتری پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو لا کرایەوە.

### سکرتێری گشتیی حیزب لە میزگردی تەلەڤیزیۆنی VOAدا :

# سیستمە ئایدۆلۆژییەکان هیچ چەشنە جۆراوجۆرییەك تەحەممول ناکەن

**لە میزگردێکی تەلەڤیزیۆنیدا کە شەوی ٢٧ی رەزبەر، جەمشید چالەنگی لە تەلەڤیزیۆنی فارسی VOAدا بەڕێوەی برد بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەمجۆرە وڵامی پرسیارەکانی ناوبراوی لە پێوەندی لەگەڵ رەفتارو هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەندامان و پەیرەوانی نەتەوەو ئایینە جۆراوجۆرەکانی ئێران دایەوە:**



VOAبا لێرەوە دەست پێ بکەین ،کەسانێك سەر بە گەل و نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە زیندانەکانی ئێران دان، لە کوردستان کەسانێکی وەکوو فەرزاد کەمانگەر و عەدنان حەسەن پوور و.... لە ئازەربایجان کەسانێکی وەکوو حەسەن ئەسڵ و لە سیستان و بەلووچستان و عەرەبەکان و.... لە ناوچەجۆراوجۆرەکان خەڵکێکی زۆر وەکوو کەسایەتییە ئایینی‌یەکان و رۆژنامەوانان لە زیندانەکان دان.

**پرسیار ــ ئێوە پێتان وایە ئەم جۆراوجۆرییە لە زیندانیانی سیاسی لە ئێران دا نیشانەی چیە؟**

**وەڵام** ـ ئەوە رێك ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ئێران وڵاتی جۆراوجۆرییەکانە، نەتەوە و ئایینی جۆراوجۆر لە ئێران دا هەن. بەو پێیەی کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران دا دژایەتیی هەیە و رووبەڕووی کۆمەڵگەی ئێران بووەتەوە. ئەم دژایەتی و رووبەڕوو بوونەوەیە هەموو جۆراوجۆرییەکانیشی گرتۆتەوە و ئەوانیش رووبەڕووی سەرکوت و هێرشی کۆماری ئیسلامی بوونەتەوە. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە کوردستانەوە هەیە، گەلی کورد هەر لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی خەڵکی ئێرانەوە هەوڵی دا لە رێگەی دیالۆگ و وتووێژەوە کێشە سیاسی‌یەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دا چارەسەر بکا. بەڵام کۆماری ئیسلامی رێگە چارەی نیزامیی هەڵبژارد و سیاست و ستراتیژیی ئەمنیەتیی لە کوردستان دا رەچاو کرد. ئەگەر ئێستا بەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران دا دەبینین کە لە تاران و شارەکانی دیکە خەڵك سەرکوت، ئەشکەنجە و ئێعدام دەکرێن و خەڵکێك دەکوژرێن و تەنانەت بێ رێزی بە زیندانیانی سیاسی دەکرێ. ئەوا لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بەردەوام لەگەڵ خەڵکی کورد بەو شێوەیە هەڵسوکەوت کراوە. لە هەواڵەکان دا باس لەوە کرا کە ٣ کەسی ژێر ١٨ ساڵ تەمەن ئێعدام کران. لە کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دا ٥٩ لاوی کورد کە زۆربەیان تەمەنیان ١٤ ــ ١٥ ساڵ دەبوو، وێکڕا ئێعدام کران. کاتێك ئێمە باس لە ئێران دەکەین، قسەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران فرەنەتەوەیە و نەتەوە جۆراوجۆرەکان پێکەوە ئێرانیان پێك هێناوە. لە ساڵانی رابردوودا وشیاری نەتەوەیی لە نێو هەندێك لە نەتەوەکانی ئێران دا شکڵی گرتوە. نەتەوەکانی ئێران دەیانەوێ کە هەمووان پێکەوە ئێران بەڕێوە ببەن. لە دارشتنی سیاسەتی ئێران لە ئاست دنیای دەرەوەدا، لە یاسادانان، لە کاروباری ئابووری دا، لە کاروباری نیزامی و هەموو بوارەکانی دیکەدا بەشدار بن. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هۆی سیستەمێکی ئایدۆلۆژیایی مەزهەبی‌یەوە کە هەیەتی لە بنەڕەت دا لەگەڵ هەموو ئەو جۆراوجۆریانەدا دژایەتی هەیە. تەنانەت لە نێو خودی سیستەمەکەش دا هیچ چەشنە جۆراوجۆرییەکی پێ قەبووڵ ناکرێ. کەسانێك کە سەردەمانێك لە رێبەرانی ئەو نیزامە بوون، ئێستا وەکوو نامۆ سەیر دەکرێن و کەوتوونەتە بەر هێرشەوە. ئەوە سروشتی سیستەمە ئایدۆلۆژییە ئایینیەکانە کە هیچ چەشنە جۆراوجۆری و فرەیی‌یەکیان پێ قەبووڵ ناکرێ. هەربۆیە دەبینین کە ئێستا چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێران و هەموو نەتەوەکان کەوتوونەتە بەر هێرشی کۆماری ئیسلامی و سەرکوت دەکرێن.

**پرسیار:ئەگەر بە شێوەیەکی بێ لایەنانە و بە دوور لە هەر چەشنە تێبینی‌یەکی سیاسی چاو لە بارودۆخی ئێران بکەین، هەڵسوکەوتی حکوومەت لەگەڵ کەسایەتییە ئایینی‌یەکان چۆنە؟ ئایا بەڕاستی بەوشێوەیە کە باسی لێ دەکرێ کە حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ کەمایەتییە ئایینی‌یەکان دا سیاسەتی سەرکوت رەچاو دەکا یان بە شێوەیەکی دیکە لەو بارەیەوە حکوومەت نەرمی دەنوێنێ؟**

وەڵام: ئەگەر ئێمە بڕوانینە فەلسەفەی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، بە روونی دەبینین کە دارشتنی یاسا ئاشکرایە. ئەگەرچی موزاییکی نەتەوەکان و ئایینەکان لە رابردوودا لە ئێران بە شێوەیەك بوو کە پێکەوە سازانێك لە نێوانیان هەبوو، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە پاوان کردنی دەسەڵات، مەزهەب و ئایینەکانی دیکەی لە پەراوێز خست. لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان دا، کوردەکان بەشێکیان شێعەن و بەشێکیان سوننین و هیچ کاتێك هەوڵمان نەداوە کە مەسەلەی مەزهەب لە کێشەکانمان دا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا بێنینە ئاراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك رابردوو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە نابێ مەزهەب تێکەڵ بە سیاسەت بکرێ. بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، سوننییەکان لە یاسای ئێران دا لەو مافانە بێبەشن کە بەشیعەکان دراوە. ئەگەر چاو لەسیستەمی کۆماری ئیسلامی بکەین دەبینین کە ئەو سیستەمە بەردەوام بوونی خۆی لە فاکتۆری مەزهەبی دا دەبینێتەوە. هەربۆیە رێژیم فاکتۆری مەزهەبی لەچۆنیەتی دارشتنی سیاسەت لە پەیوەندی لە گەڵ مەزهەبەکانی دیکەدا لەبەرچاو دەگرێ. هەر وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا کۆماری ئیسلامی، ئەو بەشەش کە پێوەندی بە خامنەیی و ئەحمەدی نژادەوە هەیە لەکاتێك دا کە ناتوانێ نەیارانی ئێستا واتە ئەو کەسانەی کە پێشتر لەهێنانە سەرکارو جێگیرکردنی ئەو سیستەمە دا رۆڵیان هەبووە، قبووڵ بکا، چۆن دەتوانێ بیروباوەڕو مەزهەبە جۆراو جۆرەکانی دیکە تەحەممول بکا.

ئێمە لەکوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٣٠ساڵی رابردوودا بەدەیان جار رامانگەیاندووە کەگەلی کورد بەشیعەو سوننییەوە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ گەلانی دیکەو مەزهەبەکانی دیکەی ئێران دا نیەو هەموو هەوڵمان ئەوە بووە کە بەشێوەیەك سیاسەتمان دابڕێژین کە یارمەتی بە پێکەوەسازانی جۆراوجۆرییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان لەئێران دا بکەین.

**پرسیار ــ بەڕێز عەزیزی! سەبارەت بە رووداوەکانی سیستان و بەلووچستان و ئەو تەقینەوەی کە لەوێ کرا، کۆماری ئیسلامی ئەمریکا، بریتانیاو چەند وڵاتێکی دیکەی تاوانبار کردوە کە دەستیان لە تەقینەوەکان دا هەیەو دەیانەوێ کێشە لە نێوان شیعەو سوننی دا دروست بکەن. ئەم تاوانبار کردنە چەندە واقعبینانەیە،ئەگەر واقیعبینانە نیە بۆ کۆماری ئیسلامی وەها تاوانێك دەداتە پاڵ ئەو وڵاتانە!**

**وەڵام** ــ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە رووداوەکانی کوردستانیش لە ٣٠ساڵی رابردوودا هەر بەو شێوەیە قسەی کردوە. کۆماری ئیسلامی لەلایەك شەڕی بەسەر کوردستان دا سەپاندو لەلایەکی دیکەوە دەیگوت کە هەموو ئەو خۆڕاگری و چالاکیانە لەلایەن وڵاتانی دیکەوە سازمان دراون. راستییەکەی ئەوەیە ئەوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە٣٠ساڵی رابردوودا بووە. کاتێك کە بۆخۆی ناتوانێ کێشەکانی کۆمەڵگای ئێران چارەسەر بکا، کاتێك ناتوانێ ئازادییە سیاسی و دێموکراتیکەکان بۆ خەڵك و بۆ گەلانی ئێران دابین بکا، هەمیشە بە دوای بیانوویەك بگەڕێ کە هەر حەرەکەتێك لەنێوخۆ دا بکرێ، بەدەرەوەی ببەستێتەوە. کۆماری ئیسلامی هەمیشە مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵکی ئێران لە بەرامبەر فشاری رای گشتی دەرەوەدا بەکار بێنێ، بەو مانایە کە نیشان بدا کە ئەمریکا و بریتانیاو... لە دژی خەڵکی ئێران پیلانگێڕی دەکەن و دەیانەوێ ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بخەنە مەترسی‌یەوە. من پێم وایە کۆماری ئیسلامی لەو رێگەیەوە دەیەوێ رای گشتیی خەڵکی ئیران لەبەرژەوەندی خۆی دا هان بدا. بۆ وێنە لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی ئەتۆمی دا لەچوار ساڵی رابردوودا دیتوومانە کە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دەیان جار ویستوویەتی دژی وڵاتانی دەرەوە لەو مەسەلەیە کەڵك وەربگرێ. ئەحمەدی نژاد بۆ هاندانی رای گشتیی خەڵکی ئێران دروشم دەدا کە بۆچی ئەمریکا و بریتانیاو زلهێزەکانی دەبێ لەو ئاستە دابن کە دەست لەکێشە ناوخۆییەکانی ئێران وەربدەن. تەنانەت دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەر کۆمارییش بۆجاریکی دیکە ئەو مەسەلەیە هاتە ئاراوەو هەموو ناڕەزایەتییەکان بۆ وێنە ناڕەزایەتییەکانی رۆژی قودس و .... لە تاران و شارەکانی دیکەی بەپیلانی ئەمریکا و ئینگلیس لەقەڵەم دەدەن. من پێم وایە کۆماری ئیسلامی کە مەشرووعیەتی خۆی لەنێوخۆی ئێران لەدەست داوە بۆیە بەدوای ئەو بیانووانەدا دەگەڕێ تا کەڵکیان لێ وەربگرێ. لانی کەم سەبارەت بە کوردستان ریژیم لە رابردوودا بەو شێوەیە هەڵسووکەوتی کردوە کەلە راستی‌یەوە زۆر دوورە.

خەڵکی کوردستان دەزانن، خەڵکی ئێران دەزانن و ئەو حیزبە سیاسییانەی کەپێوەندییان لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان دا هەبووە، باش دەزانن کەئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیڵێ زۆر دوورە لەراستییەوە. سەبارەت بە رووداوەکانی سیستان و بەلووچستانیش ئەوە بۆسیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە. کۆماری ئیسلامی خۆی هۆکاری توندو تیژییەو سیاسەتی نیزامیی رەچاو کردوە، بۆیە ئەو کێشانە هاتوونەتە ئاراوە. کۆماری ئیسلامی لە کوردستانیش هەر بەو شێوەیە جووڵاوەتەوە و کارنامەیەکی دوورو دریژی لە تیرۆر و توندو تیژی دژی گەلی کورد هەیە نموونەی هەرە زەق تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن و تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی لە ئەڵمانە. بۆیە من پێم وایە ئەو پڕوپاگەندانەی کۆماری ئیسلامی زۆر لەراستی‌یەوە دوورن‌و پێم وانیە کە ئەمریکا و بریتانیا بیانەوێ لە رێگەی حەرەکەتێکی تیرۆریستیەوە دەست لە کاروباری ئێران وەربدەن.

**پرسیارـ بەڕێز عەزیزی! ئێوە چ وەکوو شرۆڤەوانێکی سیاسی و چ وەکوو سیاسەتمەدارێك پێتان وایە کە بۆچی دەسەڵاتە ئایدۆلۆژییەکان لە پێدانی زانیاری بە خەڵك دەترسن لە حاڵێك دا دەشزانن کە خەڵك بە تایبەت لەم سەردەمەدا دەستیان بەو زانیارییانە رادەگا؟**

**وەڵام** ـ ئەوە بۆ فەلسەفەی ئەو سیستمانە دەگەڕێتەوە. سیستەمێکی ئایدۆلۆژیکی مەزهەبی وەکوو کۆماری ئیسلامی کە لە کۆمەڵگایەکی خاوەن شارستانی و پڕ لە بیروڕای جیاواز و پڕ لە جۆراوجۆری دا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە دەیهەوێ دەست بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا بگرێ. ئەگەر نموونەیەکی مێژوویی بۆ بێنینەوە کۆماری ئیسلامی رێك کۆپیی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوویە و لە ئەزموونی ئەو کەڵك وەردەگرێ. بەڵام کاتێك گۆرباچۆف لە یەکیەتیی سۆڤییەت دا ئەو پرسیارەی هێنایە ئاراوە کە ئایا ئەو سیستەمە دەتوانێ وەڵامدەری سەردەم بێ و ریفۆرمخوازانی نێو ئەو سیستەمە بە دەسەڵات گەیشتن، بووە هۆی ئەوەکە کە سۆڤیەت لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩١ دا لە بەریەك هەڵوەشێتەوە. لە کۆماری ئیسلامییش دا ئێستا دەبینین کە دۆخێکی هاوشێوەی یەکیەتیی شۆڤییەت لە ئارا دایە. جگە لە خۆپیشاندانەکانی خەڵك دژی سیستەم، لە نێو خودی سیستەمیش دا ئێستا ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە کە ئایا سیستەمی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ وەڵامدەری گۆڕانەکانی کۆمەڵگا لە سەردەمی ئێستادا بێ. وەڵامەکەش ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەڵامدەر بێ. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو و مۆدێڕن لە ئێران دا نەهادینە بووە. ئەگەر دێمۆکراسی و مافە دێموکراتیکەکانی خەڵك نەهادینە نەبوون، بەڵام خۆ تێکنۆلۆژیی مۆدێرن نەهادینە بووە. بۆیە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە شێوازی رابردوو لە بەرامبەر تێکنۆلۆژیی و چوونە سەری رۆژبەرۆژ زیتری وشیاریی سیاسی خەڵك دا راوەستێ.

**پرسیار ــ لە نێو پیاوە ئایینییەکانی شێعەدا کەسانێکی وەکوو کازمی برووجێردی باس لە جیایی دین لە دەوڵەت دەکەن. ئێستا برووجێردی و کەسانی دیکە بە ئاشکرا باس لەو مەسەلەیە دەکەن. ئێوە پێتان وایە بابەتی جیایی دین لە دەوڵەت تا چ رادەیەك لە نێو سوننی مەزهەبەکان دا پێشوازیی لێ دەکرێ؟**

لە کوردستان بە هۆی رۆڵی حیزبە سیاسییەکان کە لە ٣٠ ساڵی رابردوودا رۆڵێکی زۆریان لە گۆڕەپانی سیاسی دا هەبووە، هەروەها بە هۆی ئەوەکە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی مەزهەبی یان بۆچوونێکی مەزهەبی بۆ چارەسەری کێشەکان نەبووە، ئێمە دەبینین بیرۆکەی جیایی دین لە دەوڵەت، لە کوردستان دا بیرۆکەی زاڵە. لە ناوچەکانی دیکەی ئێران و لە نێو مەزهەبەکانی دیکەش دا من پێم وایە بە هەمان شێوە جیایی دین لە دەوڵەت بە تەواوی پێشوازیی لێ دەکرێ. لە راستییش دا تەواو لە بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵگا پڕ لە جۆراوجۆرییەی ئێران دایە کە لە داهاتوودا یاسای بنەڕەتیی وڵات لە سەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت دابڕێژرێ.

**بۆ پێوەندی گرتن بە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان :**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**سکرتاریا**

تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٧٤٨٠٢٦٢١٦٠
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٣٢٥٤٤
٠٠٩٦٤٧٥٠٣١٥٩٠٦٤

ئیمەیل: kdpsecretariat@gmail.com

# روانینێك بۆ یاسای بنەڕەتیی ئێران

عومەر باڵەكی

قانوونی بنەڕەتیی هەر ولاتێك هەروەك لە ناوەكەی را دەردەكەوێ بە هەموو ئەو یاساو ڕێسایانە دەگوترێ كە چۆنیەتیی حكوومەت و بەڕێوەبەری و رادەی سەلاحیەت و ئیختیاری ئەو حكوومەتە دیاری دەكاو لە هەمان كاتدا ماف و ئەركی تاكەكانی كۆمەڵگە دەست نیشان دەكا.

كاتێك لە مێژوودا بەڕێدەرو بنچینەی قانوون دا دەچێتەوەو قوتابخانەو بیرو هزری جۆراوجۆرو جیاواز موتاڵا دەكەین، چەند شتێك لامان گەڵاڵە دەبێ:

١- قانوون دەستكردی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەو بۆ خزمەتی تاكەكانی كۆمەڵگەو دیاری كردنی شێوەی پێوەندیی تاكەكان بە دەسەڵاتەوە هاتۆتە ئاراوە. واتە قانوون لە شێوەی ژیانی مرۆڤایەتی سەرچاوەی گرتوە.

٢- شێوەی ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە حاڵی ئاڵوگۆڕ دایەو قانوونەكانیش بە پێی ئاڵوگۆڕەكانی ژیانی مرۆڤ و پێویستییەكانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ.

٣- هەر ئاڵوگۆڕێكی بنەڕەتی لە قانوون دا دوای شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی ـ سیاسی روو دەدا. بە دەست نیشان كردنی ئەو چەند خاڵەی سەرەوە، دەتوانین بەم ئاكامە بگەین كە قانوون ناتوانێ بچێتە خانەی ئەو شتە پیرۆزانەی كە مرۆڤ حەقی نیە دەستكارییان بكا. مرۆڤ قانوون دادەڕێژێ بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ژیانی و، هەر كاتێك هەلومەرجی ژیان گۆڕاو قانوونی نوێ هاتە كایەوە، ئەو قانوونەی دیكە بە مێژوو دەسپێرێ. بەڵام قانوونی بنەڕەتیی ئەو ولاتانەی لەسەر بناغەی جیایی دین لە دەوڵەت دانەمەزراون، قەت ناتوانن لەگەڵ نیازو پێویستییەكانی كۆمەڵگەی خۆیاندا بچنە پێش. چونكە ئەو قانوونانەی لەسەر بنچینەی ئایین یا دینێكی دیاریكراو دامەزراون ناتوانن لە یاساو رێساكانی ئەو دینە لابدەن و شتێكی سروشتییە كە مرۆڤی ئایندار هەموو بڕگەو بڕیارو یاساو رێساكانی دینەكەی خۆی لا پیرۆزە و بە حەقی خۆی نازانێ كە دەستكاریان بكا. چونكە ئەو بڕگەو بڕیارانە لە یاسای دیندا هەن لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤن و مرۆڤ بە پێی ئیمانداری خۆی دەبێ لە هەر سەردەم و زەمانێك دابن مل كەچیان بێ.

كۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوەو یاسای بنەڕتیی ئەو سیستمە لە واقیعی كۆمەڵگەی ئێران سەرچاوە نەگرتوە، چونكە ئێران لە نەتەوەیەك پێك نەهاتوە بەڵكە ئێران چوارچێوەیەكی جوغرافیاییەكە چەند نەتەوەی جیاواز كە دین و مەزهەب و كلتووری جیاواز لە یەكتریان هەیە تێیدا دەژین و ئێرانیان وەك یەكەیەكی سیاسی ـ جوغرافیایی پێك هێناوە. بەڵام لە یاسای بنەڕەتیی كۆماری ئیسلامی دا باس لە پێكهاتەی ئێران نەكراوەو كاتێك باس لە كۆمەڵگەی ئێران لە




یاسای بنەڕەتی دا دەكرێ بێ لەبەرچاو گرتنی بوونی نەتەوەو ئایینی جیاواز، خەڵكی ئێران بە "ئۆممەتی ئیسلام" ناو دەبرێ و لە دیاریكردنی دین و مەزهەبی فەرمی، دینی ئیسلام دەبێتە دینی رەسمیی وڵات و مەزهەبی شیعەی "جعفری اثنی عشر" دەبێتە مەزهەبی رەسمی و، ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە لە هیچ مادەو تەبسەرەیەك دا مافی كەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەكان رەچاو ناكرێ و تەنانەت لە چەندین مادەی جیاجیادا جەخت دەكرێتەوە كە نابێ هیچ پەسەندكراوێكی دەوڵەت و مەجلیس دژایەتیی لەگەڵ ئوسوول و ئەحكامی مەزهەبی رەسمیی وڵات دا هەبێ.

یاسای بنەڕەتیی كۆماری ئیسلامی لە مادەكانی "١،٢،٦"دا دەڵێ سیستمی حكوومەت كۆمارییەو پشت ئەستوور بە دەنگی خەڵك و لەسەر پایەو بنچینەی ئووسولی ئیسلامی دامەزراوەو هێزەكانی دەسەڵات لە كۆماری ئیسلامی دا بە پێی مادەی "٥٧"بریتین لە دەسەڵاتی قانوون دانان، ئیجرایی و قەزایی كە هەركامیان سەربەخۆیی تەواویان هەیە و "لەژێر چاودێریی رێبەردا كە مەرجەعێكی مەزهەبی سیاسییەو خاوەنی سەلاحیەت و تایبەتمەندییەكانەو هەلومەرجی مەزهەبیی تێدایە و بە هۆی مەجلیسی خیبرەگان هەڵدەبژێردرێ" مادە ١٠٧

با هەرچەند بە كورتیش بێ باسێك لە دەسەڵاتەكانی (قانووندانان و ئیجرایی و قەزایی) بكەین بۆ ئەوەی بزانین چەندە لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ و حوقووقی شارۆمەندی یەكتر دەگرنەوە. یا تەنانەت چەندە ئەو سیستمە كۆمارییە باوەڕی بە دەنگی خەڵك هەیەو مافە سەرەتاییەكانی شارۆمەندی كە هەڵبژێران و هەڵبژاردنە لە نیزامی كۆماری دا رەچاو كردوەو یا چەندە پابەند بە ئوسوول و پایەكانی ئیسلام بە هەموو لق و پۆپەكانییەوەیەو مافی ئایین و مەزهەبە جیاوازەكان چەندە پارێزراوە؟

الف: مادە ٦٢ لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ئاوا باسی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەكا:

"مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك پێك دێ كە راستەوخۆو بە دەنگی نهێنیی هەڵدەبژێردرێن..."

١- لەگەڵ ئەوەی لە درێژەی ئەو مادەیەدا نووسراوە مەرجی كاندیداكان و ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن یاسا دیاریی دەكا، لە یەكەم خوێندنەوەدا پێت وایە رادەی تەمەن و خوێندن و رابردووی ئەو كەسانە دیاری دەكا كە كاندیدان یا مافی هەڵبژێرانیان هەیە بۆ مەجلیس. بەڵام لێرەدا مەبەستی قانووندانەری كۆماری ئیسلامی ئەوە نیە كە باسمان كرد بەڵكوو بە بوونی ئەو تایبەتمەندییانەش كە بە یاسا دیاری دەكرێ، ئەو كەسەی خۆی كاندیدا دەكا بۆ مەجلیس دەبێ لە پاڵوێنەی شووڕای نیگابان بدرێ. ئەگەر كەسێك یا كەسانێك تەنانەت دوای لە پاڵوێنەدانی شووڕای نیگابان لە دەنگدان دەربچێ و خەڵكی ناوچەی خۆی دەنگیان پێ دابێ بەڵام بۆ كاربەدەستان دەربكەوێ كە ئەوەی ئەوان ویستیاری بوون ئەو نیە، رەدی سەلاحیەتی دەكەنەوەو لێرەدا دەردەكەوێ كە دەنگی خەڵك هیچ ئیعتباری نیەو بایەخی پێنادرێ.

٢- لە مادەی ٧٢ یاسای بنەڕەتی دا هاتوە: "مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە هەموو مەسەلەیەك دا لە سنووری دیاریكراوی قانوونی ئەساسی دا دەتوانێ قانوون دابڕێژێ". بەڵام هەر بە دوای ئەو مادەیەدا لە مادەی ٧٣دا دەڵێ "مەجلیسی شوورای ئیسلامی ناتوانێ هیچ قانوونێك دارێژێ كە لەگەڵ ئوسوول و ئەحكامی مەزهەبی رەسمیی وڵات یا قانوونی ئەساسی دژایەتیی هەبێ". لێرەشدا بۆمان دەردەكەوێ كە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ناتوانێ نوێنەرایەتیی هەموو ویست و داخوازەكانی كۆمەڵگەی ئێران بێت و تەنانەت ئەگەر نوێنەرانی نەتەوەیەك بیانهەوێ بە قازانجی ناوچەكەی خۆیان پێشنیارێك یا گەڵاڵەیەك بێننە گۆڕێ نابێ دژایەتیی هەبێ لەگەڵ مەزهەبی رەسمیی وڵات لێرەدایە دەبینین كە كۆماری ئیسلامی حەقی بەو كەسانە نەداوە لە ئیسلام دا كە لایەنگیرو پێڕەوانی مەزهەبی دیكەی ئیسلامین و ئەگەر بۆ تەریقەت و لق و پۆپەكانی دیكەی ئیسلام ئەو مافە قائیل نەبن، چۆن ئایین و مەزهەبەكانی جیا لە ئیسلام واتە "اهل كتاب" دەتوانن مەسەلەكانی خۆیان بخەنە دەستووری كاری مەجلیس بۆ بڕیاردان.

٣- بۆ ئەوەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی یاساو رێسایەك دەر نەكا كە دژایەتیی هەبێ لەگەڵ ئوسوولی شەرعی ئیسلام و یاسای بنەڕەتیی ئێران، یاسادانەری كۆماری ئیسلامی هاتوە دەزگایەكی داناوە بە ناوی شووڕای نیگابان كە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەخاتە ژێر كۆنترۆڵ و چاوەدێری بە پێی مادە ٩١ لە قانوونی بنەڕەتی ئێران، ئەندامانی شوورای نیگابان لە ١٢ كەس پێك دێن كە دابەش دەبن بە دوو دەستە (٦ مافناس) و (٦ رۆحانی) كە ٦ رۆحانییەكە لە لایەن رێبەرەوە هەڵ دەبژێردرێن و ٦ مافناسەكەش لە لایەن سەرۆكی دەسەڵاتی قەزایی ئێرانەوە بە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دەناسێندرێن و مەجلیس دەنگیان بۆ دەدا. ئەوەی جێگەی تێڕامانە وجوودو بوونی شوورای نیگابان لە لایەن یاسادانەری ئێرانەوەیە ئەوەندە بە پێویست زانراوە كە لە مادە ٩٣دا بە روونی و ئاشكرا پێ دادەگرێ: "مەجلیسی شوورای ئیسلامی بێ بوونی شوورای نیگابان ئیعتباری قانوونیی نیە...". لێرەدایە كە دەبینین دەنگی خەڵك لە كۆماری ئیسلامی دا قەت حیسێبی بۆ نەكراوەو مەجلیسی شوورای ئیسلامی كە بە دەنگی خەڵك بە پێی یاسا هەڵدەبژێردرێ بە پێی مادە ٩٣ ئیعتباری قانوونیی نابێ ئەگەر شوورای نیگابان نەبێ. لە حاڵێكدا شوورای نیگابان نیوەی لە لایەن مەجلیسەوە دەنگی بۆ دەدرێ و نیوەی دیكەی لە لایەن رێبەرەوە هەڵدەبژێردرێ. واتە شووڕای ئیسلامی دەزگایەك بۆ چاودێریی خۆی هەڵدەبژێرێ كە بێ بوونی ئەو ئیعتیباری قانوونی نابێ. لە حاڵێكدا لە وڵاتانی دێموكراتیك دا ئەوە خەڵكە،دەزگای قەزایی وڵات و راگەیەنە گشتییەكانن كە چاودێری بە سەر ئاكارو كرداری پەرلەمان دا دەكەن.

بێجگە لەوەش ئەو ٦فەقیهە كە لە لایەن رێبەرەوە هەڵ دەبژێردرێن زۆر سروشتییە خۆیان لە بەرامبەر رێبەر دا بە وەڵامدەر بزانن نەك خەڵك و دەزگایەكی دیكە كە دیارە هەر ١٢ كەسیان هەر بەم شێوەیەن. چونكە ٦مافناسەكەش لەلایەن سەرۆكی دەزگای قەزاییەوە بەمەجلیس دەناسێندرێن كە خودی سەرۆكی دەزگای قەزایی لەلایەن رێبەرەوە هەڵدەبژێردرێ و بەباشی بۆمان دەردەكەوێ كە هەر ١٢كەسیان لەبەرامبەر رێبەردا خۆیان بە بەرپرس دەزانن.

**ب:دەسەڵاتی ئیجرایی:**

پێكهاتووە لە سەركۆمار، وەزیرەكان و بنكەو بنیادەكانی سەر بە دەسەڵاتی ئیجرایی. بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران (مادە ١١٣) دوای رێبەر سەركۆمار بەرزترین پلەی رەسمیی وڵات بۆ ئیجرای قانوونی ئەساسی و بەرپرسی دەسەڵاتی ئیجراییە، بێجگە لەو سەلاحیەت و كارانەی كە تایبەت دەبن بە رێبەری. مادە ١١٥ دەڵێ (سەركۆمار لە نێوان رجالی مەزهەبی و سیاسی كە تایبەتمەندیی خوارەوەیان تێدا بێت هەڵ-دەبژێردرێ. بە ئەسل و نەسەب ئێرانی بێ..... باوەڕی بە ساختاری كۆماری ئیسلامی و مەزهەبی رەسمی وڵات هەبێ)

ئەگەر ئەو دوو مادەیە لە قانوونی بنەڕەتی ئێراندا بە جیا شی بكەینەوە دەبینین سەركۆمار بەپێی یاسا نەفەری دووهەمە. لێرەدا ئەسلی كۆماری دێتە ژێر پرسیار. واتە خەڵك لەدیاریكردنی كەسی یەكەمی كۆمار هیچ نەخش و رۆڵێكیان نیە. دەتوانین بڵێین سەركۆمار تەنیا حوكمی سەرۆك وەزیرانی هەیە كە لەلایەن پادشا یا خەلیفەوە دیاری دەكرێ و بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران (رێبەر نوێنەری ئیمامی زەمانە كە لە نەبوونی ئەوەدا هەتا زاهیر بوونی ئیمامی زەمان لە جیاتی ئەو، رێبەری موسلمانانی دنیای لە ئەستۆدایە) هەر لە مادە١١٣ دا دەڵێ سەرۆك كۆمار بەرزترین پلەی رەسمیی وڵاتە بۆ ئیجرایی قانوونی ئەساسی و بەڕێوەبەری دەسەڵاتی ئیجرایی وڵاتی لە ئەستۆیە،(بێجگە لەو سەلاحیەت و كارانەی كە تایبەت دەبن بە رێبەری).ئەو سەلاحیەت و كارانەی تایبەتن بە رێبەری بەپێی مادەی ١١٠ یاسای بنەڕەتیی كۆماری ئیسلامی ئەوانەن كە لە ١١خاڵ پێك-هاتوون:

١ــ دیاریكردنی سیاسەتە (گشتی)یەكانی نیزامی كۆماری ئیسلامی

٢ــ چاوەدێری بە سەر باش بەڕێوەچوونی سیاسەتە (گشتی)یەكانی نیزام

٣ـ فەرمانی ریفراندۆم((راپرسیی گشتی))

٤ــ فەرماندەیی هەموو هێزە چەكدارەكانی كۆماری ئیسلامی.

٥ـ راگەیاندنی شەڕو ئاشتی.

٦ــ دیاری كردن و لابردن و قبووڵی دەست لەكار كێشانەوەی

الف: فەقیهەكانی شوورای نیگابان

ل٦

**كۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوەو یاسای بنەڕتیی ئەو سیستمە لە واقیعی كۆمەڵگەی ئێران سەرچاوەی نەگرتوە، چونكە ئێران لە نەتەوەیەك پێك نەهاتوە بەڵكە ئێران چوارچێوەیەكی جوغرافیاییەكە چەند نەتەوەی جیاواز كە دین و مەزهەب و كلتووری جیاواز لە یەكتریان هەیە**

# خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بۆ ئۆباما هەڵگری چ پەیامێکە؟

مستەفا مەعروفی

لە سەرەتاکانی سەدەی ٢١ دا مرۆڤایەتی لە زانستو پێشکەوتن دا گەیشتوتە پلەیەکی سەرسوڕهێنەر، بەڵام هێشتا نەی توانیوە بەسەر ئیرادەی شەڕ دا زاڵ بێ و جیهانێکی بە دوور لە شەڕو ئاژاوە پێك بێنێ. تەنانەت زۆر جار پێشکەوتنەکانی بوونەتە هۆی لەمەترسی کەوتنی ئاشتیو خودی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتوە. جیهانی ئەمڕۆ ئەوەندەی چەکی ئەتۆمیو چەکی قورس تێدایە ئەگەر بەشێکی کەمیشیان بەکار بێن دەتوانێ تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەنێو بەرێ. هەر ئێستا لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە شەڕ لە گۆڕێ دایە بەتایبەتی لە ئاسیاو ئەفریقا. گەرمبوونی تەشقی زەوییش هەڕەشەیەکی دیکەیە لە سەر جیهان. لەسەرەتاکانی سەدەی ٢١ دا تێرۆریزم یەکێك لە گەورەترین هەڕەشەکانە لەسەر مرۆڤایەتیو ئۆقرەییو ئارامیی لە جیهان هەڵگرتوەو ترسو خۆفی خستۆتە نێو دڵی خەڵکی سەرانسەری جیهان. تێرۆریزم سنوورێك ناناسێو دوژمنێکی نادیارە کە هەمیشە لە کەمینی مرۆڤایەتی دایە. بەتایبەتی مەترسیی تێرۆریزم کاتێك زیاتر هەستی پێ دەکرێ کە وای دابنێ ڕۆژێك تێرۆریستەکان دەستیان بە چەکی ئەتۆمیو کومەڵکوژ ڕابگا.

دیارە مەسەلەی تێرۆریزم وەك گەورەترین هەڕەشە لە سەر ئاشتیو هێمنایەتی لە جیهانی ئەمڕۆ دا لە دانی خەڵاتی ئاشتی بە ئۆباما دا ئیشارەی پێ نەکرابوو، لە حاڵێك دا ئەمریکا لە ٨ ساڵی ڕابردوو دا بە ڕێبەری بەرەی دژە تێرۆریزم ناسراوە. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێ کە ئەمریکا لە زانینی ئەوە دا کە تێرۆریزم چییە، لە ناسنیی ئەوە دا کە تێرۆریست کێیەو لە شێوەی خەبات لە دژی تێرۆریزم دا زۆر سەرکەوتوو نەبووبێ.



باراك ئۆباما لە ماوەی ٩ مانگ سەرکۆماریی خۆی دا چەند هەنگاوی هەڵگرتن کە لەلایەك یارمەتییان بە پتەوبوونی ئاشتی کردو لەلایەکی دیکەشەوە پێشیان بە شەڕی زیاتر گرت. هەڵگرتنی سپەری دیفاعی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات کە دەبووە هۆی وروژاندنی ڕووسیەو پێکهێنانی دڕدۆنگیو لێك دوورکەوتنەوە، یەکێك لەو هەنگاوانە بوو. هەوڵدان بۆ گرتنەبەری ڕێگەی دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان لە سەرانسەری جیهان دا هەنگاوێکی دیکەی ئۆباما بوو. کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق کە لەم بارەیەوە بیروڕای گشتیی جیهان بە چاوێکی ڕەخنەگرانە دەیان- ڕوانییە ئەمریکا، یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی بوو. هەر وەها هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمیو کۆمەڵکوژو هەوڵی جیددی بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕانەگا، هەنگاوێکی دیکەی ئۆباما بوو. لە قسەکانی سەرۆکی کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێلیش دا ئیشارە بە سێ هۆ کرابوو: پەرەپێدانی دیپلۆماسی لە جیهان دا، پەرەپێدانی هاوکاریی میللەتان لەگەڵ یەکترو پێشگیری لە پەرەگرتنی زیاتری چەکی ئەتۆمی. ئۆباما بۆ خۆشی بێ ئەوەی ناوی ئێران بێنێ وێڕای ئەوەی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کەڵکوەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە مافی هەر ولاتێکە، گوتی کە ولاتان دەبێ بیسەلمێنن کە لە چالاکییە ئەتۆمییەکانیان دا مەبەستی ئاشتیخوازانەیان هەیە.

دانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە ئۆباماو ئەو قسانەی ئەو، ڕاست لە کاتێك دابوون کە تازە کۆماری ئیسلامی ناوەندێکی دیکەی ئەتۆمیی خۆی لە نزیك شاری قوم ئاشکرا کردبوو. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەڕەشە لە ولاتان بە تایبەتی ئیسرائیل دەکا، دەست لە کاروباری ولاتانی دراوسێو ناوچە وەردەدا ، پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستەکان دەکابە جۆرێك کە تەنانەت ڕێبەران و کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەو ڕێژیمە لە لایەن دوو دادگای بێلایەنی دەرەوە واتە دادگای میکۆنووسو دادگای ئارژانتینەوە بە تیرۆریست ناسراون، هەروەها لە حاڵێکدا کە ئەو ڕێژیمە هەوڵ دەدا دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگا، دانی ئەم خەڵاتە بە ئۆباما هەڵوێستی ئەو لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بەهێزتر دەکا.

ئەگەر لە جیهان دا دەوڵەتانێكو کەسانێك هەن کە هەوڵ دەدەن ئاشتیو ئاسایشی جیهان بشێوێننو هەڕەشەن بۆ سەر خەڵك، کەسانێکیش هەن کە هەوڵ دەدەن پێش بە شەڕو ئاژاوە بگرنو فەرهەنگی دیالۆگو لێك تێگەیشتن پەرە پێ بدەن. هەزاران مرۆڤ لە جیهان دا دڵیان بۆ ئاشتی لێ دەداو هەوڵەکانیان لە پێناوی جێگیر کردنی ئاشتی دایە، باراك ئۆباما یەکێکە لەو کەسانە نەك تاقە کەس, بەڵام ئەو لە جێگەو مەوقعیەتێك دایە کە ڕەنگە لە هەر کەسێکی دیکە کاریگەرتر بێ. ئۆباما سەرۆك کۆماری تاقە زلهێزی جیهانە، بەدەنگێکی زۆرو مەودایەکی زۆر لە ڕقەبەرەکەی بردوە، لە قانوونی ئەساسیی ولاتەکەی دا دەسەڵاتێکی زۆری پێ دراوە، هێزە نیزامی- یەکانی ولاتەکەی لەسەرانسەری جیهان دا حوزووریان هەیە، ولاتەکەی لە رووی ئابوور- ییەوە دەولەمەندترین و لە رووی تێکنۆلۆژییشەوە پێشکەوتووترین ولاتی جیهانە. سەرۆك کۆماری ولاتێکی ئاوا چ لە ئاشتیو چ لە شەڕ دا لە جیهان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە. ئۆباما لە ناوەندی بڕیاری نێونەتەوەییو تەنانەت لە لووتکەی بڕیار دایە. بڕیارێکی ئەو دەتوانێ یارمەتی بە پەرەگرتنی ئاشتی یان پێچەوانەکەی بدا. ئەوە کە سەرکۆماری ولاتێکی ئاوا بەهێز خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل وەردەگری هیواو هومێدەکان بە پەرەگرتنی ئاشتیو کەمبوونەوەی شەڕو ئاژاوە زیاتر دەکاو دوورە دیمەنێکی روون دەخاتە پێش چاوی مرۆڤە ئاشتیخوازەکان. وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە لایەن ئۆباماوە نیشانەی ئەوەیە کە ڕێبەرانی ولاتانی بەهێز لە بەرامبەر قەیرانەکانی جیهان دا مەسئوولانەتر دەجووڵێنەوە. جێی خۆشحاڵییە کە ئەوان لە جیاتی ئەوەی بە توانا نیزامیو تێکنۆلۆژییەکانیان بخوڕن زیاتر بیر لە بەرپرسایەتییەك دەکەنەوە کە بەهۆی بەهێزبوونیان لە جیهان دا کەوتۆتە سەرشانیان.

دانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە ئۆباما ئەو "تعهد"و بەرپرسایەتییەی بۆ پێك دێنێ کە لەبەرامبەر ئەمنییەتی گیانیی مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهان دا هەست بە بەرپرسایەتی بکا. ئێستا ئۆباما، ئەو مەسئولییەتە ئەخلاقی- یەی کەوتۆتە سەرشان کە لەبەرامبەر دەوڵەتانی نا مەسئوول دا کە هەڕەشە لە ئاشتیو ئاسایشی ناوچەو جیهان دەکەن هەنگاو هەڵبگرێو لە بەرامبەر پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ولاتانی دیکتاتۆرلێدراو دا هەست بە بەرپرسایەتی بکا. ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر هەڕەشە لە ئاشتیی جیهان دەکا نەك شەڕی نێوان ولاتان بەڵکوو سەرکوتی بێ بەزەییانەی گەلانی ئازادیخوازی ولاتان لە لایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانەوەیە.

**دانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل بە ئۆباما ئەو "تعهد"و بەرپرسایەتییەی بۆ پێك دێنێ کە لەبەرامبەر ئەمنییەتی گیانیی مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهان دا هەست بە بەرپرسایەتی بکا**

درێژەی:

# روانینێك بۆ یاسای بنەڕەتیی ئێران

ب: بەرزترین پلەی دەسەلاّتی قەزایی

ج: سەرۆکی سازمانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی

د: سەرۆکی ستادی هاوبەش

ه: فەرماندەی سپای پاسداران

و:فەرماندەکانی بەرزی هێزەکانی نیزامی و ئینتزامی.

٧ـ چارەسەری ناکۆکی و پێکهێنانی هەماهەنگیی نێوان هەر ٣ هێزی دەسەلاّت.

٨ ـ چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی نیزام کە لە ڕێگەی ئاسایی قابیلی چارەسەر نین (لە ڕێگەی مجمع تشخیص مصلحت نظام ).

٩ـ ئیمزای حوکمی سەرکۆمار دوای هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە..............

١٠ـ لابردنی سەرکۆمار بەلەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی نیزام.

١١ـ بەخشین یا کەمکردنەوەی سزای تاوانباران لە سنووری قانوون دا.

لێرەدا دەردەکەوێ کە سەرکۆمار تەنیا سەلاحیەتی سەرۆك وەزیرانی دەست نیشاندەی پاشا یا خەلیفەی هەیە.

لە لایەکی دیکەوە لە مادە١١٥ دا هاتوە دەبێ سەرکۆمار پابەند بێ بە ئیسلام، واتە ئێرانیی غەیرە موسوڵمان ناتوانێ ببێتە سەرکۆمار. تازە لە موسوڵمانانیش یەکێك دەتوانێ کاندیدا بێ کە پابەند بێت بە مەزهەبی ڕەسمیی ولاّت (شیعە اثنی عشری) کە یەکێك لە مەرجە گرینگ و بنەڕەتییەکانە. واتە ئەگەر شیعەی ١٢ئیمامی نەبێ و باوەڕی بە ویلایەتی موتلّەقەی فەقیە نەبێ هەر چەند موسوڵمان بێ ناتوانێ پۆستی سەرکۆماری وەربگرێ، کە بەبوونی ئەو ئەسلە لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا مافی خۆ کاندیداکردن بۆ پۆستی سەرکۆماری لە زۆر کەسانی لێهاتووو بەتوانا دەستێندرێ و تەنیا مافی ئەوەیان دەبێ دەنگ بدەن. مادەی١١٥ هەروەها باس لەوە دەکا کە سەرکۆمار لەنێوان رجالی مەزهەبیی سیاسی هەڵدەبژێردرێ. ئەگەر رجال بە مانای پیاوان وەربگرین کە هەرواش مانا هەڵدەگرێ دەبینین یاسادانەری ئێرانی هیچ مافێك بۆ نیوەی کۆمەڵ واتە (ژن) قائیل نەبووە، بەیاسا لەو مافە کە خۆ کاندیدا بکەن بۆ پۆستی سەرکۆماری بێ بەشی کردوون.

هەر لەو مادەیەدا تەئکید کراوەتەوە کە رجال مەزهەبی ـــ سیاسی واتە ئەو کەسە پێش ئەوەی سیاسی بێ ( کە مرۆڤی سیاسی بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی ولاّت پێویستە) دەبێ مەزهەبی بێ. لێرەدا مەبەست لە مەزهەبی بەتەنیا باوەڕ هەبوون بە ئیسلام نیە بەڵکە دەبێ باوەڕی بە مەزهەبی شیعە هەبێ واتە هەر لەیەك بەندا دووجار تەئکید دەکاتەوە لە سەر پابەندبوون بە مەزهەبی شیعەی ١٢ئیمامی و ویلایەتی فەقیە.

ج: دەسەلاّتی قەزایی:

دەسەلاّتی قەزایی ئێران بەپێی مادە١٥٧لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا کەسێك بەڕێوەی دەبا کە لەلایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێ و تەنیا لەبەرامبەر ڕێبەردا خۆی بە مەسئوول دەزانێ، شەرتی ئەو کەسە ئەوەیە عادل بێ و زانیاری هەبێ لەسەر کاروباری قەزایی.............. .

لەومادەیە دا دەردەکەوێ ئەو کەسەی دەسەلاّتی قەزایی ئێران بەڕێوەدەباو سەرپەرستی دەکا، پێویست ناکا قانوونی خوێندبێ و کۆلێژی حوقووقی تەواو کردبێ و لە جەریانی کاری قەزایی دا تەجرووبە و زانستی قەزایی وەسەر یەك خستبێ و زانیاری و شارەزایی لەقەوانینی نێونەتەوەیی ولاّتان هەبێ. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئاگا بەمەسائیلی شەرعی، ئەویش تەنیا لە ڕوانگەی فقیهی جەعفەری بێ. بۆ ئەوەی لەلایەن ڕێبەرەوە بۆ ئەو پۆستە دیاری بکرێ. لەحاڵێکدا دەسەلاّتی قەزایی ئێران لەگەڵ تەواوی گیروگرفتە کۆمەلاّیەتی و ئابووری و سیاسییەکانی گۆمەڵگەی ئێران تەرەفەو هەروەك لە پێشدا باسمان کرد ئێران وەك واحیدێکی جوغرافیایی لەنەتەوەو ئایین و فەرهەنگی جیاواز پێك هاتوە کەهەر کام لەو ئایین و فەرهەنگانە لای نەتەوەی خۆیان بەڕێزو جێگەی حورمەتەو هەر ئەو جیاوازییە جیاوازی و دژبەری دروست دەکا لە دارشتنی یاساو بەڕێوەبردنی یاسا.

# فاشیستەکان لە ئاشتی دا دەیدۆڕێنن

سمکۆ ئەردەڵان

رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبر، بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان هەنگاوێکی گرنگی لە پێناوی ئاشتی دا هەڵێنایەوە. پارتی کرێکارانی کوردستان بە مەبەستی نیشاندانی نیازپاکیی خۆی و بۆ هێشتنەوەی دەرفەت لە بەردەم ئاشتی داو هەروەها بە مەبەستی بوار رەخساندن بۆ شێوە چارەسەرییەکی پرسی کورد کە هەر دوو لایەنی کوردو تورک پێی رازی بن، کۆمەڵێك لە ئەندامانی خۆی وەکوو گرووپی ئاشتی رەوانەی تورکیە کردەوە. گرووپی ئاشتی لەگەڵ پێشوازییەکی کەم وێنەی گەلی کورد لە باکووری کوردستان رووبەروو بووەوە. ئەندامانی گرووپی ئاشتی وەکوو قارەمانانی نەتەوەیی لەلایەن خەڵکی باکووری کوردستانەوە پێشوازییان لێ کرا. دیمەنەکانی ئەم رووداوە ئەوەندە هەست بزوێن بوون کە تەنیا مرۆڤە بێ ویژدانەکان و مردووەکان دەتوانن لە ئاست گەورەیی و جۆش و خرۆشی گەلێك دا بێ دەنگ بن کە لە پێناوی ئاشتی دا قارەمانەکانی خۆی رادەستی ماف زەوتکەرەکەی و دوژمنە لە مێژینەکەی بکا.

رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبر زیاتر لە هەر کەسێك پەیامی ئاشتی دایکانی رۆڵە کوژراوی کورد واتادار بوو. ئەوان هاواریان دەکرد: سەربازی تورك کە شەڕی رۆڵەکانی ئێمە دەکەن و دەکوژرێن، ئەوانیش کوڕی ئێمەن، با چیتر خوێن نەڕژێ و با تفەنگەکان بێدەنگ بن.

رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبر ئەگەرچی گەلی کوردو بزووتنەوەکەی لە باکوور خۆی بە تەواوی رووت کردەوە تا هەموو لایەك نێوەرۆکی راستەقینەی ببینن و بیناسن و دانی خێری پێدابنێن، بەڵام مەخابن بیستنی دەنگی کورد و بیستنی پەیامی کورد هەروا ئاسان نیە. ئەوانەی دەیان ساڵە لۆکەیان لە گوێچکەی خۆیان و خەڵکەکەیان ئاخنیوە تا گوێیان لە هیچ دەنگێکی حەقخوازی کورد نەبێ، رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبر کوردیان بینی کە هاواری دەکرد، بەڵام نەیانویست گوێ لە هاوارەکەی بگرن. ئەندامانی گرووپی ئاشتی بە بەرچاوی هەموو خەڵکی دنیاوە دەیانگوت ئێمە نەهاتووین تەسلیم بین، بەڵکوو قسەمان هەیەو هاتووین گوێمان لێ بگرن، کەچی دەوڵەت، ئەرتەش، پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن و میدیاکانی تورك هەموو خۆیان گێل کردوەو دەڵێن: تیرۆریستەکان چیتر هەست بە ئەمنیەت ناکەن و ناچارن پۆل پۆل تەسلیم بنەوە.

دڵتەزێنتر لەوەش ئەوەیە کە گەلانی دیکەو بە تایبەت ئورووپاو ئەمریکا شتەکە وەك خۆی نابینن. ئەگەر ٨ سەربازی تورك لە شەڕدا بکوژرێ هاواریان لێ بەرز دەبێتەوەو هاودەردی دەکەن و پێداگری لە سەر شەڕی تیرۆر دەکەن، بەڵام لە ئاست پەیامی کورد بۆ کۆتایی هاتنی شەڕو خوێن ڕشتن، بێ- دەنگن. رۆژئاواییەکان لە باشترین حاڵەت دا بە تورکەکانیان وت کە جۆرێك هەڵسوکەوت لەگەڵ تەسلیم بووەکان دا بکەن، کە ئەوانی دیکەش هان بدا تا تەسلیم بن!

**دەبێ چی بکرێ؟**

هەنگاوی رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبر، هەنگاوێکی گرنگ بوو کە دەسەڵاتدارانی تورك و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکەی پرسی کوردی شڵەژاند. دژبەرانی چارەسەری پرسی کورد قەت لە شەڕ ناترسێن و سڵی لێ ناکەنەوە، بەڵکوو ئەوان لە ئاشتی دەترسێن. ئەوان بۆ خۆیان باش دەزانن کە دۆڕاوی گۆڕەپانی ئاشتی و دێموکراسی، ئەو ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییانەن کە دەیان ساڵە هۆکارو هاندەری سەرکوت و حاشاو سیاسەتی بێ دەنگین لە بەرامبەر گەلی کورددا.

نەیارانی چارەسەری لەو درزە دەترسێن کە پەیامی ئاشتیخوازانەی گەلی کورد بیخاتە نێو ریزەکانی گەلی تورکەوەو ویژدانە زیندووەکانی نێوگەلی تورك بەهێز بکا. نەیارانی چارەسەری لەوە دەترسێن کە پەیامی ئاشتیخوازانەی کورد لە لایەن گەلانی دیکەوە ببیسترێ و پشتیوانی لێ بکرێ. هەر بۆیە بزووتنەوەی کورد دەبێ لەم قۆناخەدا هەنگاوەکانی ئاشتی بەهێز بکاو بە داهێنان و مانۆڕدانی زیاتر لەم بوارەدا تەنگ بە نەیارانی هەڵچنێ.

هەنگاوی رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبر دەستپێکی قۆناخێکی نوێ بوو نەیارانی چارەسەری هەموو هەوڵەکانیان چڕ کردۆتەوە تا ئەم دەستپێشخەرییە لە بار بەرن و گوتاری شەڕ پێش بخەن و لە ژێر ناوی شەڕی دژە تیرۆردا خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکەوە و رۆژئاوا بیانووی چاکی دەست بکەوێ تا وەك هەمیشە بێدەنگی هەڵبژێرێ و خۆی لە قەرەی کێشەکە نەدا. دەوڵەتی تورکەکان وەکوو نیزامی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوورو زۆر لە دەسەڵاتە چەوسێنەرەکانی دیکە تەنیا کاتێك ناچار دەبێ بکەوێتە هەوڵی راستەقینە بۆ چارەسەری پرسی کورد، کە بکەوێتە ژێر فشاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە. هەر بۆیە کورد پێویستە کە تێکۆشانی خۆی بۆ راکێشانی سەرنجی



کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بخاتە گەڕەوە، ئەوەش تەنیا بە پێش خستنی گوتاری ئاشتیخوازانە دەکرێ. کورد دەبێ چالاکییەکانی ئاشتی بە رادەیەك پێش بخات و بە هێزی بکا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناچار بکا وەدەنگ بێ و پرسەکە بەو شێوەیە کە هەیە ببینێ.

پێویستە ئەوەمان لەبیر بێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش نیشانی داوە کە تەنیا کاتێك ناچار دەبێ لەسەر گەلێکی بێپشتیوان وەکوو کوردو وەدەنگ بێ کە حەرەکەتێکی گەورە یا قەیرانێکی گەورەی وەها پێك بێ کە وەدەنگ هاتن و پشتیوانی لێ کردن وەکوو ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژوویی ببینێ. کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی باشووری کوردستان و ئاوارە بوونی چەند میلیۆن مرۆڤی برسی لە دارفوری سودان دوو نموونەی بەرچاون.

من کاتێك بیر لە گەلی کورد لە باکووری کوردستان دەکەمەوە ئەو قسەیەی "ئیمە سیزەر" نووسەری شۆڕشگێڕی ئەفریقاییم بیر دێتەوە کە دەڵێ: "پێم سەیرە کە رەشەکان بۆ لە نێوبردنی کۆلۆنیالیزم و دەرکردنی داگیرکەران بە چنگ و ددان شەڕ ناکەن". ئێستا کە گەلی کورد لە باکوور بۆ نەهێشتنی ستەم و گەیشتن بە مافەکانی ئامادەیە هەموو شتێك بکاو بەردەوام لە مەیدان دایە سەیر دەبێ کە لە هێزی ئەوان و ئامادەیی و ئیرادەی ئەوان نەتوانرێ حەرەکەتێکی ئەوەندە گەورە وەڕێ بخرێ کە هاوسۆزیی گەلانی دیکە بۆ خۆی مسۆگەر بکاو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ناچار بکا بۆ چارەسەری پرسە مێژووییەکەی بە شێوەیەکی جیددی بێتە مەیدانەوە. لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەش دا چەند جار خەیاڵی شۆڕشگێڕی هەڵیگرتم و بە خۆمم دەوت (بە داوای لێبوردن لە خوێنەری بەڕێز) ئەگەر بە دەستی من بوایە بۆ بەرەوپێش بردنی هەوڵەکانی ئاشتی بزووتنەوەی کوردستان، هەنگاوی داهاتوو وەڕێخستنی رێپێوانێکی مێژوویی میلیۆن کەسی لە دیاربەکرەوە بۆ سنوورەکانی یەکیەتیی ئورووپاوە بوو، تا هەموو دنیا رووی راستەقینەی بزووتنەوەی کوردستان ببینێ، چونکە ئاشتی و ئازادی نابێ تا ئەبەد بۆ کورد هەر خەون و خەیاڵ بێ و فاشیزمیش تەنیا لە ئاشتی دا دەدۆڕێ.

**کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش نیشانی داوە کە تەنیا کاتێك ناچار دەبێ لەسەر گەلێکی بێ پشتیوان وەکوو کورد وەدەنگ بێ کە حەرەکەتێکی گەورە یا قەیرانێکی گەورەی وەها پێك بێ کە وەدەنگ هاتن و پشتیوانی لێ کردن وەکوو ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژوویی ببینێ. کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی باشووری کوردستان و ئاوارە بوونی چەند میلیۆن مرۆڤی برسی لە دارفوری سودان دوو نموونەی بەرچاون**

# کوردستان و پرسەکانی پێوەندیدار بەهیدرۆ پۆلیتیك

ئارام ئیبراهیم خاس

بۆ یەکەمین جار لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠ زایینی و لە ناوەندە زانستی و زانستگاکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دەستەواژەی هیدرۆپۆلیتیك بەکار هێنرا. هەنووکە و لە دوای تێپەرینی نزیك بە ٤ دەیە، لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی کەم ئاوی لە سەدەی ٢١ داو مەترسییەکانی هاتنە ئارای قەیرانی ئاو لە ئاستی جیهانی دا، وڵاتانی جیهان دەیانەوێ رێکاری گونجاو بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانە بدۆزنەوە. رۆڵی ئاو لە بوارەکانی تەندروستی، کشت وکاڵ، پیشە سازی و خزمەتگوزاری و... گرنیگیی ئەم بابەتە زیاتر دەکا.

لەم نێوەدا داگیرکەرانی کوردستان لەم مەسەلەیە خافڵ نین و هەموو هەوڵی خۆیان بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی ناوچە، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیان خستۆتە گەڕ. چەندین جار ئاویان وەك کارتێکی فشار لە دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە کار هێناوە و لەم چەند ساڵەی دواییدا هەمیشە لە ئاو وەك کەرسەیەکی فشار هێنان بۆ حکوومەتی هەریمی کوردستان کەڵکیان وەرگرتوە. کوردستان لە باری سەرچاوەکانی ئاوەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەچەشنێك شارەزاییانی پرسی هیدرۆپۆلیتیکی ئیسرائیل رایانگەیاندوە ئەگەر ئیسرائیل سەرچاوەکانی ئاوی کوردستانی هەبایە، زۆربەی کێشە و گرفتەکانی ئیسرائیل چارەسەر دەبوون.

بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوەکە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێبەش بووە، سەرەچاوەکانی ئاوی کوردستانیش وەکوو زۆربەی کانگاو سامانەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بە تاڵان براون.

تورکیە و ئێران لە سەر رووبارە گەورەکانی وەکوو دیجلە، فورات، ئاراس، سیروان و... بەنداویان دروست کردوە و ئەم ناوچانەیان کردۆتە ناوەندی گەورەی بەرهەمهێنانی وزە، دابین بوونی ئاوی خواردنەوە کشت وکاڵ و...

هەرچەند ناتوانین لایەنە پۆزەتیڤەکانی دروست کردنی ئەم بەنداوانە بۆ دانیشتووانی کوردستان پشت گوی بخەین بەڵام لە راستیدا ئەمە تەنیا بەشێکی بچوك لە هەموو ئەوشتانەیە کە دەمەوێ ئاماژیان پێ بکەم.

ئایا هەوڵەکانی سەدام حسێن بو دروست کردنی بەنداو لە کوردستان لە رووی دلسۆزی بۆنەتەوەی کورد بوو؟

ئایا چالاکییەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کە زۆربەی پرۆژە گەورەکانی ئاوەدان کردنەوەی لە ئاستی ئێراندا قورخ کردوە، بۆ دابین کردنی بەرژەوندی و ئاسوودەیی خەڵکی کوردستانە؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە ئاماژە کردن بە ئەزموونی دەوڵەت تورکیە پێویستە.

دەوڵەتی تورکیە لە پێناوی وەدیهێنانی سیاسەتی " یەك بەرمیل ئاو لەبەرامبەر یەك بەرمیل نەوت دا" پرۆژەی گەورەی GAP (Guney anatolipirojsi یانی ئاناتۆلی باشووری رۆژهەڵات کە مەبەست هەمان ناوچە کوردنشینەکانی بندەستی دەوڵەتی تورکیەیە)ی جێبەجێ کردو لەم پێناوەدا ٢٢ بەنداوی دروست کرد کە گەورەترینیان بەنداوی ئاتاتورك یان حەوت گوارەیە، کە پتانسیێلی راگرتنی ٨٠ میلیارد میتری سێ جای هەیە و لە ماوی ٢ساڵ دا بەتەواوی پڕ دەبێ. لە ساڵەکانی ١٩٩٧تا ١٩٩٩ دەوڵەتی تورکیە ئاوی وەك چەکێکی فشار بو سەر دەوڵەتی سووریە بەکار هێنا تا ناچاری بکا عەبدوڵڵا ئوجەلان رێبەری pkk لەو وڵاتە دەربکا.

ئێران و سووریەش هەم لە رابردوودا و هەم هەنووکە لەم سیاسەتە پێڕەوییان کردوە و لەم نێوەدا چەندین جار دەوڵەت دراوسێکانیان و بەتایبەت حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان خستۆتە ژێر زەخت و فشارەوە. لە ئێستادا کە پرسی ئاو بۆتە پرسێکی جیهانی و گرینگییەکی تایبەتی هەیە پیویستە کورد لە پتانسێیلەکانی خۆی کەڵك وەربگرێو بە گرتنەبەری رێکارگەلێکی پسپۆڕانە، پرەسیپ گەلێکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی بەردەوامی سەرچاوەکانی ئاو لە بەرنامەی کاری خۆی باوێژێ و لە سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان کە دەچنەوە ناوچەکانی ناوەندو باشووری عێراق، کەڵکی پیویست وەربگری و ئەم مەسەلەیە وەکوو کارتێکی فشار لە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوان هەولێر ـ بەغدا دا بەکاربێنێ.

# شۆڕشی ئیسلامی بەستێنێك بۆ تیرۆر

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: هێمن حسێنی
فارسی بۆ کوردی:سامان فەقێ نەبی

شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست دا سەرکەوتنی وەدەست هێناو هەر لە ساڵەکانی سەرەتاوە بە کەڵك وەرگرتن لە بنەماکانی هەڵقووڵاو لە ئیدۆلۆژییەکی بەرتەسکی مەزهەبی نەیارەکانی لە ڕێگەی تیرۆرو ئێعدامی بە کۆمەڵ لە سەر ڕێگەی دەسڕێتەوە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێ تا ئەو جێگەیە کە دەکرێ لایەنە جۆراوجۆرەکانی کردەوەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆرو گرووپە تیرۆریستییەکانی پێوەندیدار بەو ڕێژیمە ڕاوەستەی لە سەر بکرێ.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی کۆشکی سپی، ئێران ناسراوترین و گرنگترین وڵاتە کە پاڵپشتی لە تیرۆریزم لە ئاستی جیهاندا دەکا و بەشێك لەو گرووپانە بریتیین لە حیزب اللە، جیهادی ئیسلامی، انصار الاخوان و حەماس.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی (TRGC) ڕۆڵی هاوئاهەنگی و بەرپرسی پێوەندیی لەگەڵ ئەو گرووپانە دێتە ئەژمار. سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ بە مەبەستی پاراستنی شۆڕش لە هەمبەر مەترسییەکانی نێوخۆیی و دەرەکی پێك هات و دواتر پلان و سیاسەتەکانی سوپای پاسداران ئاراستەیەکی دیکەی بە خۆیەوە گرت و لە مژاری ناردنە دەرەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و گرتنە بەری سیاسەتە دوژمنانەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە هەمبەر ئیسرائیل دا ڕۆڵی سەرەکیی وەئەستۆگرت.

**شۆڕشی ئیسلامی و "حیزبوڵڵا":**

لە پێوەندیی لەگەڵ مژاری شۆڕشی ئیسلامی و (حیزبوڵڵای لوبنان) دوو جۆرە پێوەندیی ئاشکراو نهێنی بوونیان هەیە. (حیزبوڵڵا) ڕاشکاوانە باس لەوە دەکا کە شۆڕشی ئیسلامی ئاوات و ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵ (حیزبوڵڵا)ی لوبنان هەیەو لە ڕاستیدا تەواوی سیاسەتە ڕادیکال و بناژۆکانی حیزبوڵڵا لە نێوخۆو دەرەوەی لوبنان لە ژێر چاوەدێریی شۆڕشی ئیسلامیدا گەڵاڵە دەکرێن. (حیزبوڵڵا) واتە حیزبێك لەلایەن خودا، لە وڵاتانی عەرەبی دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی وەکوو "ولی امر مسلمین" دەناسێنێ.

ڕێبەری (حیزبوڵڵا) خۆی بە قوتابیی مەکتەبی شۆڕشی ئیسلامی دەزانێ و بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە لوبنان هاوشێوەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەردەوام لەلایەن ناوبراوەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ.

ساڵی ١٩٨٢ لە گەرمەی شەری نێوان ئیسرائیل و لوبنان، (حیزبوڵڵا) بە هاوکاریی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین کە وەکوو پەنابەر لە خاکی لوبناندا بوو، بە مەبەستی لە نێوبردنی ئیسرائیل دامەزرا و لەلایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە بە مەبەستی ناردنە دەرەوەی شۆڕش، پێوەندییەکی قایم لەگەڵ ئەو گرووپە ساز دەکرێ و بەم چەشنە (حیزبوڵڵا) بە شێوەی ئاشکرا وەك نوێنەری شۆڕشی ئیسلامی لە لوبنان دەناسرێ.

(حیزبوڵڵا) تەواوی پێداویستییەکانی خۆی لەلایەن ئێرانەوە بۆ دابین دەکرێ و تەنانەت بە پێی ڕاپۆرتی NEW YORK SUN لە جەریانی شەری ٢٠٠٦دا لەلایەن ئێرانەوە کەسانێکی خاوەن شوناسی ئێرانی وەکوو سەرباز بۆ شەر دژ بە ئیسرائیل ڕەوانەی لوبنان کران، بە چەشنێك کە دەکرێ بڵێین لەو شەڕەدا لە لایەك ئیسرائیل و لەلایەکی دیکە ئێران و شۆڕشی ئیسلامی بوونیان هەبوو ئاکامی ئەو شەڕە تەنیا وێرانیی بەشێك لە لوبنان بوو.

**ئێران و حەماس:**

پێوەندیی ئێران و حەماس ڕەوتێکی ئاسایی تێپەر نەکردوە، بەو مانایە کە ئەو پێوەندییە هەوراز ونشێوییەکی زۆری بە خۆیەوە دیوەو لە هێندێك قۆناغدا ئەو پێوەندییە زۆر گەرم و گوڕو لە هێندێك قۆناغدا ساردو سڕ بووە. ساڵی ١٩٨٠ پاش زاڵبوونی سیاسیی حەماس بە سەر بەشێك لە خاکی فەلەستین (کەرتی غەزە)داو گرتنە بەری سیاسەتی دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و کەڵك وەرگرتن لە تیرۆر و ئینتحار وەکوو ئامرازێك، پێوەندیی نێوان شۆڕشی ئیسلامی و حەماس دامەزرا.

بە پێی وتەکانی Gorye jotfee مامۆستای زانکۆی کەمبریج پێوەندیی ئێران و حەماس لە ساڵی ١٩٩٠ کاتێك کە ئێران شێلگیرانە لە هەوڵی ناردنە دەرەوەی شۆڕشدا بۆ دەرەوەی ئێران بووو هەروەها حەماسیش لە هەوڵی دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی لە فەلەستین و هەوڵدان بۆ لە نێوبردنی ئیسرائیل بوو، دامەزرا و بە پێی ئەو پێوەندییە لایەنی ئێرانی بەڵێنی دابین کردنی چەك و چۆڵ و ناردنی دولارە نەوتییەکان بۆ کەرتی غەزە دەداتە ئەو گرووپە و ئەم پێوەندییە لە ژانویەی ٢٠٠٦ کاتێك کە حەماس لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی لە فەلەستین سەرکەوتنی وەدەست هێنا بەوپەڕی خۆی گەیشت.

**ئێران و جیهادی ئیسلامی:**

پێوەندیی ئێران لەگەڵ جیهادی ئیسلامیی فەلەستین لە ساڵی ١٩٨٠و لە یەکێك لە کەمپەکانی (حیزبوڵڵا) لە لوبنان ڕا دەست پێدەکاو لە ئەنجامی دامەزراندنی ئەو پێوەندییە سەدان تیرۆرو کردەوەی ئینتحاری لە نێوخۆ و دەرەوەی فەلەستین ڕوو دەداو ئەندامانی گرووپی ناوبراو لەلایەن شۆڕشی ئیسلامییەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی کردەوەی ئینتحاری و تیرۆر پەروەردە دەکرێن و بۆ ئەو مەبەستە سەرمایەیەکی بەرچاو خەرج دەکا.

**ڕۆڵی ئێران لە ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا:**

ئەمڕۆکە ئەگەری ڕوودانی شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئامریکا لە ناوەندە سیاسییەکاندا بە پێی بەڵگەو بەرژەوەندییە تایبەتییە سیاسییەکان هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ. شایانی باسە ئێران لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەدا ڕۆڵێکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگری هەیە. لاواز کردنی دەسەڵاتی ناوەندیی لە عێراق و یارمەتیدان بۆ بەهێز کردنی پارتە توندڕەوە ئیسلامییەکان لەو وڵاتەدا و دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی لە لوبنان و هاندانی حەماس بۆ ئاژاوەگێڕی، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەوری نێگەتیڤی ئێران لە ناوچەدا بەروونی دەردەخا.

ئێران دژایەتیی پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیری لەو بەشە لە جیهاندا دەکاو لە نێوخۆشدا سیاسەتەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕادیکاڵتر دەبێ. ئێستاکە جیهان بە وردی چاوەدێریی بەرنامەی ناوکیی ئێران و مەترسی دەستپێڕاگەیشتنی ئەو ڕێژیمە بە چەکی ناوکییە کە دوور لە چاوەڕوانی نیە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرەو ئیسرائیل نیشانە بگرێ. ڕێبەرانی سیاسی لە ئورووپاو ئامریکا بە پێی ئەوە کە دەزانن ئێران، هاوشێوەی عێراق نیەو بەرەنگاریی لە بەرامبەر وەها وڵاتێك پێویستی بە ئامرازی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هەوڵی ئەوەدان کە تا ئەو جێگەیە کە دەکرێ پێشوازی لە مژاری دیالۆگ و دانوستان بکەن.

بەڵام ئەوەی گرینگە برتییە لەوە کە ئێران و ئیدئۆلۆژیی وشك و داخراوی زاڵ بەسەر ئەو ڕێژیمە تا چ ڕادەیەك وەڵامی پۆزەتیڤ بە ڕێگەچارەی دیالۆگ دەداتەوە، مژارێك کە تا ڕادەیەکی بەرچاو زۆربەی وڵاتانی جیهان هیوایان پێی نیەو بە ناچار هەوڵەکانیان زیاتر بۆ گرتنە بەری ڕێگەی دیکە وەکوو شەڕ و تەحریم چڕ کردۆتەوە.

سەرچاوەکان:

-2009 About. Com. Aport of the New York Tims.
-New York Sun.
-Profile of Hezbollah.



# چاوەکانم بەسیە

## دووری بیرەوە

ع: وریا



دەڵێی دوێنێ بوو. دیو بە دیوی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی دەگەڕا تا تازەترین ژمارەکانی ڕۆژنامەی"کوردستان"، نامیلکە حیزبییەکان، تراکت و پوستێری وێنەی شەهیدان کۆبکاتەوەو لەگەڵ خۆی بیانباتەوە. هێشتا نوسخەکانی ژمارەی تایبەت بەیادی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لەبەر دەستان مابوون.

هەمووی کۆکردنەوە، تەنانەت ڕەحمی بەو لاپەڕانەش نەکرد کەلەبەر سپی بوونی لایەکەی دیکەیان یا جەوهەراوی بوونی پەراوێزەکانیان، بۆفڕێدان جیاکرابوونەوە.

هەر نەبا وێنەکانی بەمقەست دەردەهێنان و وەك شتێکی پیرۆز ،وەك تێشووی شوان و ڕێبواران بەجوانی دەیپێچانەوە. دەیگوت هەر بۆخۆم دەزانم لەناوچە ئەمانە چەندە بەکەڵك دێن. خەڵك بەمتفەڕك وەریان دەگرن!

ئەو، پێشتر خوێندکارێکی چالاك و ئەندامێکی نهێنیی هەڵسووڕی حیزب بوو و زۆر جار بەدوای تەنانەت پەڕێك چاپەمەنیی حیزب داگەڕابوو. دەیزانی لەنێو لاوانی تامەزرۆی پێوەندیگرتن بەحیزبی دێموکرات و تینووانی خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزب ، ئەم کاغەزانە چەندە بەنرخن.

تاهیر، ڕۆیشت تا لەگەڵ سۆفیو مام ڕەسوول یەك بگرێتەوەو لەسنوور ئاوابێ و باوەش بە دەشتی جوانی شنۆ، مەڵبەندی بیرەوەرییەکانی دا بکا. تاهیر یەك دوو مانگ ئیجازەی وەرگرتبوو و کادرەکانی خۆی لەکۆمیسیۆنی چاپەمەنی بەهاوکارەکانی سپاردبوو. قەرار بوو لەم یەك دوو مانگەدا وێڕای کارەکانی دیکەی ناوچەی شنۆ، بەکاری تەشکیلاتی و تەبلیغاتییەوە لەو ناوچەیەوە خەریك بێ.

سەفەرەکەی، لەمانگ تێپەری. ئیمە هەروا چاوەڕوان بووین بەهەگبەیەك بیرەوەری و پەیام و ئەزموون و ڕاسپاردەوە بێتەوە. هەموومان بۆی بێتاقەت بووین . هەر ئەمڕۆ ئەمڕۆمان بوو. بەڵام مخابن لەجیاتی هاتنەوەی خۆی، خەبەری شەهید بوونی خۆی و مام ڕەسووڵی هاوڕێیمان بۆهات. ئای کە خەبەرێکی تاڵ بوو. یانی ئیدی ئێمە تاهیر لەنێو کۆڕی خۆماندا نابینینەوە؟!

تاهیر حوسێن نژادو و مام ڕەسووڵی شەعبانی نەگەڕانەوەو چوونە ڕیزی کاروانی نەمران. مام ڕەسوول کەپەیکەرەیەك بوو لەحیزبدۆستی و خۆنەویستی و ، تەنانەت خۆشەویستیی هاوسەرو جگەر گۆشەکانیشی و ، ئەگەری لاچوونی سێبەری لەسەر ئەوان ، هیچ کات هەنگاوی خەباتگێڕانەیان پێشل نەکردەوە، لەگەڵ لاوی بە بیروباوەڕ وکار لەدەستهاتوو، تاهیرحوسێن نژاد، لەنزیك ئاوایی شێخان کەوتنە داو و شەهید بوون.

تاهیر نەگەڕایەوە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و مەرگ مەودای نەدا ژمارەکانی دواتری "کوردستان" پێکەوە بڵاوبکەینەوە. بەڵام هەروا کەئەو "کوردستان"ی تا دواهەناسە گوند بەگوند و هەوار بەهەوار و ماڵ بەماڵ لەگەڵ خۆی دادەگێڕاو دەیگەیاندە دەستی ئوگران، "کوردستان"یش ئەوە ١٠ ساڵە یادی تاهیر حوسێنی نژاد لەگەڵ خۆی دادێنێو بەئەمەگەوە ئاوڕ لەخزمەتە بێدرێغەکانی بەم ڕۆژنامەیە و بە کوردستانی نیشتمان دەداتەوە. تاهیر ئەوە ١٠ساڵە بووە بەیەکێك لەخونچە هەڵوەریوەکانی گوڵزاری"کوردستان" و ناوو یادی لەگەڵ مێژووی "کوردستان" دا ئاوێتە بووە.

لەیەکەم ژمارەی دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵیمەرگی تاهیر ، بەناوی دەستەی نووسەران و کارگێرانی "کوردستان"،ماتەمنامەیەکم بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە نووسی. ئێستاش ئەم دێرانە بەهەمان هەستی ١٠ساڵ لەمەوبەرەوە دەنووسم. تەنانەت بەهەمان سەردێرەوە: "چاوەکانم بەسیە دووری بێرەوە".

# ١٣ی خەزەڵوەر، دەرفەتێکی‌تر بۆ هاتنە سەر شەقام

مەسعوود ڕەواندوست



لە دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردانی ئەمساڵەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران پێی‌ناوەتە قۆناغێکی نوێ‌و، ئازادیخوازانی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازو دروشمی نوێ، ڕێژیمی ئاخوندی و دەوڵەتی کودیتایان تووشی سەرلێشێواوی و قەیرانێك کردوە کە لە ماوەی سی ساڵی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا بێ‌وێنە بووە، بەجۆرێك کە خەڵکی ئێران لەو ماوەیەدا هەنگاوی گەورەیان بەرەوگەیشتن بە ئامانجەکانیان هەڵێناوەتەوە و ڕێژیمیش زۆر لە جاران زیاتر هەست بە نزیکبوونەوە لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەکا.

تایبەتمەندیی هەرەبەرچاوی ئەم قۆناغەی خەباتی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لەدژی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی ئەوەیە کە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران ڕاست بەو چەکە هاتوونەتە نێو مەیدانی خەبات، کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا خۆی پێ‌ڕاگرتوە، یا هەوڵی‌داوە بە کەڵك وەرگرتن لێی وانیشان بدا کە مەشرووعییەت و جێگەو پێگەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا هەر ماوە. ڕێژیم لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا چەندین ڕۆژ و بۆنەی جۆراوجۆری داتاشیوە و هەمیشە هەوڵی‌داوە بە بیانووی جۆراوجۆر جگە لە لایەنگران و بەکرێگیراوانی خۆی، بە هەڕەشە و تەماح وەبەرنان و گوشارهێنان و هەر شێوازێکی لە دەستی هاتوە، کارمەندان و خوێندکاران و قوتابیان و چین و توێژەکانی خەڵك بێنێتە سەر شەقامەکان و وا نیشان بدا کە خەڵکی ئێران باوەڕیان بە ڕێژیم و ئامانجەکانی ماوە و تەبلیغاتی پێوەبکا.

> **ئێستا خەڵکی وشیاری ئێران لە هەر بۆنە و بیانوویەکدا کە ڕۆژگارێك ڕێژیم بۆ نیشاندانی مەشرووعییەتی خۆی کەڵکی لێوەردەگرت، داوا ڕەواکانیان دێننە گۆڕێ و بە دروشمی دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی مەشرووعییەتی درۆیینی ڕێژیم دەکەنە بڵقی سەر ئاو**

لە قۆناغی نوێی خەباتی گەلانی ئێران لەدژی دیکتاتۆری‌دا خەڵکی ڕاپەڕیو ئەم مەیدان و ئەم حزوورەشیان نەك هەر لە ڕێژیم ئەستاندۆتەوە بەڵکوو لێیان کردوە بە کابووسێك کە سەرانی ڕێژیم مەرگی خۆیان و دەسەڵاتە ڕەشەکەیانی تێدا دەبیننەوە. ئێستا خەڵکی وشیاری ئێران لە هەر بۆنە و بیانوویەکدا کە ڕۆژگارێك ڕێژیم بۆ نیشاندانی مەشرووعییەتی خۆی کەڵکی لێوەردەگرت، داوا ڕەواکانیان دێننە گۆڕێ و بە دروشمی دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی مەشرووعییەتی درۆیینی ڕێژیم دەکەنە بڵقی سەر ئاو. هەر بۆیە ڕێژیم ئێستا وەك جاران، حەوتوویەك بەر لە بۆنە حکوومەتییەکان خەڵکی بەناو هەمیشە لە سەحنەدا جاڕنادا کە بێنە سەر شەقامەکان و مستێکی بەهێز لە دەمی ئیستیکباری جیهانی بدەن، چونکە دەزانێ ئەمجارەیان ئەم مستانە وە دەمی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی دەکەون.

یەکێك لەو ڕۆژانەی هەمیشە ڕێژیم مانۆری پێوەداوە، ١٣ی خەزەڵوەر، ڕۆژی داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە تارانە کە ڕێژیم ئەم ڕۆژەی وەك ڕۆژی قوتابی دیاری کردوە و هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا جگە لە قوتابیان و کارمەندانی ئیدارەکان، بەسیجی و مۆرەکانی خۆی دێنێتە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی ڕێز لە یادی بە وتەی خۆیان داگیرکرانی بنکەی سیخوڕیی ئامریکا بگرن. بەڵام ئەمساڵ هەروەك ئاماژەی پێکرا ئەم بۆنەیەش بۆ ڕێژیم تام و بۆنی جارانی نەماوە و، بە پێچەوانەوە، ئەوە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێرانن کە دەیانهەوێ بە هێزو وزەیەکی زۆرەوە ئەو ڕۆژە بکەن بە دەرفەتێکی دیکە بۆ دەربڕینی بێزارییان لە ڕێژیم و هێنانە گۆڕی داواکانیان و ڕۆژێکی ڕەشی دیکە بۆ ڕێژیم بخوڵقێنن.

بۆیە ڕێژیم لە بەرەبەری ڕۆژی قوتابی‌دا کەوتۆتەخۆ بۆ ئەوەی نەهێڵێ خەڵکی ئێران ئەم ڕۆژە بکەن بە ڕۆژی دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم و داواکانیان بخەنەڕوو. هەر بەو مەبەستە بۆ چاوترسێن کردنی چالاکترین و بوێرترین توێژی کۆمەڵ واتە خوێندکاران کە دەور و حزووری چالاکانەیان لە مەیدانی خەبات لەدژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری‌دا بۆ هەموو لایەك و بە تایبەت بۆ ڕێژیم سەلمێندراوە، گوشارەکانی بۆ سەر ئەم توێژە زیاتر کردوە و دەزگا ئەمنییەتییەکانی نێو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ بە بیانووی جۆراوجۆر خوێندکاران دەگرن و بەڵێننامەیان لێوەردەگرن و تەنانەت لەژێر گوشاردا لەدژی بەڕێوەبەرانی بزووتنەوە ئیعترافیان لێوەردەگرن بۆ ئەوەی نەکا ڕۆژەکانی ١٣ی خەزەڵوەر (ڕۆژی قوتابی) و ١٦ی سەرماوەز (ڕۆژی خوێندکار) بکەنە سەرەتای حەرەکەتێکی گەورەی خوێندکاری لە ساڵی نوێی خوێندن و لەدرێژەی بزووتنەوەی گشتیی خەڵکی ئێراندا.

ئەو نیگەرانییەی ڕێژیم بە ڕادەیەکە کە بەرپرسانی ڕێژیم نەیانتوانیوە بیشارنەوە و هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندجار ئاماژەیان پێ‌کردوە بەجۆرێك کە پێشنوێژی نوێژی هەینیی ڕۆژی ٢٤ی ڕەزبەر لە تاران، ئەحمەدی جەننەتی ئاماژەی بە ئەگەری کەڵك وەرگرتنی خەڵکی ناڕازی لە دەرفەتی ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەر کرد و وێڕای خستنە پاڵی تۆمەتی بەستراوەیی خەڵکی ناڕازی بە بێگانەکان، داوای بەرەوڕوو بوونەوەی توند لەگەڵ ناڕازیان و خۆپێشاندەرانی کرد. هەروەها ئیسماعیل ئەحمەدی موقەددەم فەرماندەی هێزە ئینتزامییەکانی تاران لە وتەیەکدا بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی نیگەرانیی ڕێژیم لەو شتەی قەرارە لەو ڕۆژەدا رووبدا و بۆ دڵخۆشیی خۆیان وتی کە لەو ڕۆژەدا هیچ ڕوونادا و جێگەی نیگەرانی نیە.

بە وەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو نیگەرانییانەی ڕێژیم چاوەڕوان دەکرێ بۆ چاوترسێن کردنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و پێشگرتن لە حەرەکەتێکی هاوشێوەی ئەوەی لە ڕۆژی قودس‌دا رووی‌دا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕێژیم گوشارەکانی خۆی بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی زیاتر بکا و کەسانێکی زیاتر بگرێ و کەشوهەوای پۆلیسی و تۆقێنەر پەرەپێ‌بدا تەنانەت لەم چەند ڕۆژەی دوایی‌دا دەنگۆی ئەگەری گیرانی کەڕووبی و مووسەوی زیاتر بووە و بەشێك لە بەرپرسانی نیزام بە ئاشکرا باس لە دادگایی کردنی کەڕووبی دەکەن.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم پەلەقاژانەی ڕێژیم، خەڵکی ئێران ئیتر ئەم قۆناغەیان تێ‌پەڕاندوە کە بە گیران و زیندان و ئەشکەنجە پاشەکشە بکەن و لە بەرامبەر سەرکوت و زەبرو زەنگدا بێ‌دەنگ بن. هەر ئێستا زۆریەك لە شەقامەکانی تاران بە دروشمەکانی تایبەت بە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەر و دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆری ڕازاونەتەوە و ئەم دروشمانە لە زۆر شوێنی تاران بەرچاو دەکەون و خەڵکی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بە ڕێگای جۆراوجۆر یەکتر لە بەرنامەی خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە ئاگادار دەکەنەوە و بەرەبەرە ڕێکخستن و بەرنامەڕێژییەکی خۆڕسك بۆ حەرەکەتێکی بەرینی جەماوەری لە دژی ڕێژیم پێکدێ.

ئەم ڕێکخستن و شێوازە زیرەکانەیەی خەڵکی ئێران لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیاندا گرتوویانەتەبەر جگە لەوەی نیشاندەری وشیاری و زیرەکیی خەڵکی ئێرانە، نیشاندەری ئەو ڕاستییە دڵخۆشکەرەشە کە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازانە و هەوڵدان بۆ ئازادی زۆر خێراتر بووە و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران ڕۆژ لە ڕوژ زیاتر لەو دوا ڕۆژە گەشە نزیکتر دەبنەوە کە خوێنی خۆیانی لەپێناودا دەبەخشن.

# پشتیوانیی ڕووسیە لە کۆماری ئیسلامی

بێژان

لەحاڵێك دا لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ناڕازیی ئێران دا دروشمی "مەرگ بۆ ڕووسیە" دەبیسرێ، لە دوایین چاوپێکەوتنی نێوان هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو سێرگێی لاورۆڤ وەزیری دەرەوی ڕووسیە دا، ڕووسیە جارێکی دیکە دژایەتیی خۆی لە بەرامبەر فشاری نێونەتەوەیی‌و تەریك خستنەوەی زیاتری کۆماری ئیسلامی دەربڕی. زۆر جاری دیکەش پشتیوانیی وڵاتانی کۆمۆنیست بە تایبەتی چین‌و ڕووسیە کە لە ریزی ٥ دەوڵەتی بەهێزی جیهان دان، کۆسپی سەر ڕێگەی کۆدەنگیی نێونەتەوەیی لە دژی کۆماری ئیسلامی بووە. ئەو پشتیوانی‌یە دەستی کۆماری ئیسلامیی لە پێشێل کردنی ڕێ‌وشوێن‌و قانوونە نێونەتەوەیی‌یەکان دا ئاوەڵاتر کردۆتەوە. ڕووسیەو چین نەك هەر کاریان بەوە نیە پێگەی کۆماری ئیسلامی لەنێو خەڵکی ئێران دا چۆنەو ئەو ڕێژیمە چۆن‌و بە چ شێوەیەك بزووتنەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران سەرکوت دەکا بەڵکوو لە باری نیزامی‌یەوە یارمەتیی دەدەن، ئەگەر یارمەتیی ڕووسیە نەبووایە کۆماری ئیسلامی نەی دەتوانی ئەو سەرئێشە ئەتۆمی‌یە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا پێك بێنی.

نزیکایەتیی نائاسایی ڕووسیەو ئێران ئەو قازانجەی بۆ ڕووسیە تێدایە کە کۆماری ئیسلامی باسێك لەو هەمووە قازانجە گەورانە ناکا کە لە حەوزەی دەریای خەزەر دا خەریکە لەدەستیان دەدا. هەروەها ڕووسیە دەتوانێ تێکنۆلۆژی‌یە کۆن‌و پەککەوتەکانی بە ئێران بفرۆشێ، بۆ نموونە ئەو فرۆکە تۆپۆلۆفانەی کە هەر جارناجارێك دەکەونە خوارەوە چەندین کەس گیانیان لەدەست دەدەن. جگە لەمانەش ڕووسیە توانیویەتی بە دوور لە هات‌وهاواری کۆماری ئیسلامی چێچێنە مسوڵمانەکان سەرکوت بکا. تەنیا قازانجی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا بە پشتیوانیی ڕووسیە دەتوانێ باشتر مانۆڕ بداو لەبەرامبەر بیروڕای گشتیی جیهان دا چێرەگرتووتر بێ. ئەمەش وای کردوە کە پێوەندیی ڕووسیە بە ئێرانەوە ببسترێتەوە بە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌و دوای کۆماری ئیسلامی پێوەندی‌یەکانی ڕووسیە لەگەڵ ئێرانە پێوەندی‌یەکی ناڕوونە. بە تایبەتی سەبارەت بەوەی ڕووسیەو ئێران کێشەی سنووری‌یان لەسەر دەریای خەزەرو ئەو هەمووە کانگا ژێرزەوی‌یەی ئەم ناوچەیە هەیە.



ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یەی ئێران وا نیشان دەدەن کە ڕووسیە ڕاست ئەو پێگەیەی لە ئێران دا هەیە کە ئەمریکا بەر لە شۆرشی گەلانی ئێران هەی بوو. لە حاڵێك دا کە ڕێژیمی شا پێگەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دا نەمابوو، پێگەی ئەمریکا لە ئێران دا بریتی بوو لە ڕێژیمی شا، کەوابوو ئەمریکا هیچ پێگەیەکی لە نێو خەڵکی ئێران دا نەبوو. سیاسەتی هەڵەی ئەو کاتی ئەمریکا بوو بەهۆی ئەوەی کە دوای شۆرش لە ئێران‌و ناچە دا سەرئێشەیەکی بۆ پەیدا بێ کە ئێستا سی ساڵە پێیەوە دەناڵێ. پشتیوانیی لە ڕادەبەدەری ئەمریکا لە ڕێژیمی شا هەستێکی قووڵی دوژمنایەتیی لەلای خەڵکی ئێران لەبەرامبەر ئەو دا دروست کرد. کاتێك شۆرش سەرکەوت، تاقە یەك هێز کە دۆستی ئەمریکا بێ لە مەیدانی سیاسیی ئێران دا نەبوو. کاتێك سەفارەتی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ دا داگیر کرا جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزێك نەبوو مەحکوومی بکا. حیزبی دێموکراتیش نەك ئەوە کە پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکا هەبێ بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم کردەوەیەی بە پێچەوانەی عورفی نێونەتەوەیی‌و لە ڕووی دیپلۆماسی‌یەوە بە کارێکی هەڵە دەزانی، مەحکوومی کرد. دروشمی سەرەکیی ئەوکات "مەرگ بۆ ئەمریکا" بوو.

لە هەلومەرجێك دا کە کۆماری ئیسلامی بزووتنەوی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بە توندی سەرکوت دەکاو بە گوللە وەڵامی حەرەکەتی مەدەنیانەیان دەداتەوە، پشتیوانیی ڕووسیە لە ئاستی نێونەتەویی دا لە کۆماری ئیسلامی، بۆتە هۆی ئەوەی دوای ٣٠ ساڵ دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" جێگەی خۆی بدا بە دروشمی "مەرگ بۆ ڕووسیە".

# ئێران لە ڕیزی یەکەم دایە

بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵنێری گۆڤاری "شپیگل"ی ئاڵمانی کە سەردانی تارانی کردوە و ڕاپۆرتێکی لەو سەفەرەدا لە ژێر ناوی "دهکدە جهانی" نووسیوە لە بارەی ئاماری تووشبووان بە ماددە هۆشبەرەکان دەنووسێ: ئێران لە ڕیزی یەکەمی وڵاتانی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکانە.

لە کۆمەڵگەی ٧٢ میلیۆنیی ئێراندا بە پێی ئاماری خودی حکوومەتی ئێران یەك میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس موعتاد لەو وڵاتەدا هەن. بەڵام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژەی تووشبووان بە لانی کەمەوە سێ میلیۆن کەس مەزەندە دەکا. ئەمە ڕێژەیەکی ترسناك و غەمهێنەرە بۆ کۆمەڵگەی ئێران. هێندێك لە کارناسان و دامەزراوە پێوەندیدارەکان لەسەر ئەو باوەڕن کە ڕۆژانە دوو تۆن مەوادی موخەددیر لە لایەن موعتادە ئێرانییەکانەوە مەسرەف دەکرێ و دوازدە میلیۆن کەسیش بە شێوەیەك لەگەڵ مەواددی موخەددیر سەروکاریان هەیە. یەکێکی دیکە لە بەرپرسانی ستادی خەبات لە دژی ماددە هۆشبەرەکان دەڵێ: لە ئێران ڕۆژانە ١٢ کەس بە هۆی ئێعتیاد و نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بەم بەڵایەوە دەمرن.





**ئێعتیاد لە نێو ژنان دا**

لە ڕوانینی کۆمەڵگەدا ئێعتیاد و مەسرەفی مەواددی موخەدیر زۆرتر وەك دیاردەیەکی پیاوانە دێتە بەرچاو. یان ئەگەر هەشبێ ژنان زۆر کەمتر لە پیاوان دێنەبەرچاو کە موعتاد بن. بەڵام ئایا بەراستی بڵێی وابێ؟ بە پێی هێندێك لێکۆڵینەوە و ئامارەکان لەو بارەیەوە ڕێژەی ژنانی تووشبوو بە ماددە هۆشبەرەکان لەم چەند ساڵی دواییدا ڕووی لە زیاد بوون کردوە.

بە پێی ئامارەیك کە کارناسان بڵاویان کردۆتەوە، لەسەدا ١٠ ی تووشبووان بە ماددەهۆشبەرەکان ژنانن. هەر ساڵێ کە تێپەڕ دەبێ ئەم ڕێژەیە بەرەو زیاد بوون هەڵ دەکشێ. هەرچەند دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاو بێ کە ڕێژەی ژنانی تووشبوو بە ماددە هۆشبەرەکان هیچکات بە ڕوونی دەرناکەوێ. ئەمەش بە هۆی کولتوورێك کە نەك هەر لە وڵاتێکی وەك ئێران بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتانی دیکەش ژنانی موعتاد وەك کەسانێکی بێبەند وبار و بێئەخلاق لێیان دەڕوانرێ نەك وەك کەسێکی نەخۆش. ئەم کلتوورە وای کردوە تەنانەت ژنان نەوێرن وەك پیاوان سەردانی دامەزراوە و ناوەندەکانی تەرکی ئێعتیاد و چارەسەری ئەو نەخۆشییە بکەن. بەو حاڵەش بە پێی قسەو لێدوانەکانی بەرپرسانی زیندانەکانی ڕێژیمی ئێران ٥٠ لەسەدی ژنانی زیندانی لە پێوەندی لەگەڵ مەوادی موخەدیردا ژیان لەزیندان دا تێپەڕ دەکەن.

**ژنان پێویستە بزانن:**

زۆر جار دیتراوە کە پیاوی موعتاد بۆ ئەوەی ئەو ژنەی کە لەگەڵی دەژی یان خۆشی دەوێ ، نەتوانێ لێی جیا بێتەوە، بە شێوەی جۆراوجۆر و زۆر ئاگایانە تووشی ئێعتیادی دەکا تاکوو ئەویش موعتاد ببێ. تەنانەت هێندیك لەو کوڕانەی کە دۆستی کچیان هەیە، دۆستەکەیان موعتاد کردوە تاکوو مل بۆ شووکردن بەو بدا. بۆیە پێویستە ژنان و کچان ئەو مەترسییە هەست پێ بکەن و بە جیددی بگرن و زۆر زۆر وشیار و دڵنیا بن لەو کەسانەی پێوەندییان لەگەڵ دروست دەکەن و فریوی ئەو جۆرە کەسانە نەخۆن و ڕێگە نەدەن ژیانیان لێ وێران بکەن.

✍ کوێستان فتووحی

# تۆ پێویستت بە تلویزیۆن هەیە



کەسێك بۆ گەڕان بە دوای هاوسەردا چووە دامەزراوەیەکی دیتنەوەی هاوسەر و گوتی دەگەڕێم بە دوای هاوسەردا تکایە هاوکاریم بکەن تاکوو هاوسەرێکی موناسب ببینمەوە. بەرپرسی پێوەندیدار لێی پرسی: تکایە داواکارییەکانی خۆت بڵێ هاوسەرکەت چۆن بێ باشە؟

ـ جوان، بەئەدەب، شۆخی باز، ئەهلی وەرزش، زانیاری هەبێ، گۆرانی بڵێ و سەما بکا. لە هەموو ئەو سەعاتانەی من لە ماڵەوەم سەرگەرمم بکا. کاتێك پێویستم بە هاودەم هەیە چیرۆکی جالبم بۆ بڵێ و هەرکاتێکیش ویستم ئیسراحەت بکەم دەبێ بێدەنگ بێ.

بەرپرسی دامەزراوەکە کە بە سەرنجەوە گوێی بۆ قسەکانیگرتبوو لە وڵام دا گوتی: تێگەیشتم، تۆ پێویستت بە تلویزیۆن هەیە.

پەندێك هەیە دەڵێ: ژن و مێردی بێ عەیب لە ژنێکی کوێرو مێردێکی کەڕ پێك دێ. چونکە ژنی کوێر ناتوانێ هەڵەکانی مێردەکەی ببینێ و پیاوی کەڕیش ناتوانێ گوێی لە بۆڵە بۆڵەکانی ژنەکەی بێ.

زۆربەی ژن و مێردەکان لە دەورانی سەرەتای ئاشنا بوونیان کوێرو کەڕ دەبن تەنیا بە خەیاڵی پێوەندییەکی بێ کەموکووڕی بەرەو ژیانی هاوبەش هەنگاو دەنێن. کاتێك کەفوکوڵی سەرەتاکان دەنیشێتەوە، وەخەبەر دێن و دەبینن پێك هێنانی ژیانی هاوبەش بە مانای باخچەیەکی پڕ لە گوڵی ڕۆز نیەو، مۆتەکە دەست پێ دەکا.

وەرگیراو لە ویبلاگی "شفا"

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

# ئێران گەورەترین بەکارهێنەری ماده سڕکەرەکان لە جیهان دایە

کوردستان و کوردنیوز: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دوێنێ چوارشەممە لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند: لە ساڵی ٢٠٠٨دا چواردە تۆن هێرۆئین و چوار سەدو پەنجا تۆن تریاك لە ئێراندا بەکار هێنراوە کە ئەوە ئێرانی کردۆتە گەورەترین بەکارهێنەری مادە سڕکەرەکان لە جیهاندا.

"نووسینگەی بەرەنگاری لەگەڵ مادە سڕکەرەکان "ی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٨ی خۆیدا دەنووسێ ئێران لەگەڵ جیددیترین کێشەی تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان لە جیهاندا بەرەوڕوویە. ئەو ڕاپۆرتە بە ئاماژە بە بازاڕی ٦٥ میلیارد دولاری مادە سڕکەرەکانن و نیوەی مادە سڕکەرەکانی بەرهەم هاتوو لە ئەفغانستان، ئاشکرای کرد، ١٥ میلیون کەس لە جیهاندا خووگرتوو بە مادە سڕکەرەکانن و نیوەی مادە سڕکەرەکانی جیهان لە ئێران، ڕووسیەو ئورووپا بەکار دەهێنرێن.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە ٩٢ لە سەدی تریاکی جیهان لە ئەفغانستان بەرهەم دەهێنرێت و هەر ساڵە سێ هەزارو پانسەد تۆن لەو مادە سڕکەرە بۆ دەرەوەی ئەفغانستان بەڕێ دەکرێ.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ٤٠٪ی هێرۆئینی بەرهەم هاتوو لە ڕێگای پاکستان و ٣٠٪ لە ڕێگای ئێران و ٢٥٪ لە ڕێگەی وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست لە ئەفغانستانەوە دەچێتە دەرەوە.

ئەم نووسینگەیە دەنووسێ تەنیا ٢٠٪ ئەو مەوادانەی کە لە ئەفغانستانەوەدەچێتە دەرەوە پێش ئەوەی بگاتە دەستی بەکار هێنەری دەگیردرێ. ١٩٪ مادە سڕکەرەکانی جیهان لە ئورووپا بەکار دەهێنرێ ئێران و ڕووسیە هەر کامیان ١٥٪ و هێندی ٧٪ و پاکستان، ئافریقاو ئامریکا هەر کامیان ٦٪ی مادە سڕکەرەکانی جیهان بەکار دەبەن.

ڕاپۆرتەکە ئاشکرا دەکا کە "گرووپی تالیبان" لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا لە ڕێگەی مالیات و بازرگانی مادە سڕکەرەکانەوە هەر ساڵە ١٦٠ میلیون دولار داهاتی هەیە. تالیبان و ئەلقاعیدە بازاڕی یەك میلیارد دولاری پاکستانیشیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ لە ١٥ میلیون و ٤٠٠ هەزار بەکارهێنەری مادە سڕکەرەکان ١١ میلیون و سێ سەد هەزار کەس هێرۆئین و ئەوەی دیکە تریاك بەکار دەبەن.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە نیوەی هێرۆئینی جیهان لە ئورووپاو ڕووسیە بەکار دەبردرێت و ٤٢٪ بەکارهێنەرانی تریاك لە ئێران دان.

## ڕۆژنە

# کەمپەینی یەك میلیون واژۆ لە نێوان بوێری و نەوێران دا

✍ عەلی بداغی

سەرکوتی ژنانی خۆپیشاندەر لە خۆپیشاندانی گەورەی دژی "حیجابی زۆرەملی" لە زستانی ١٣٥٧ی هەتاویدا لە لایەن ئیسلامییە شۆڕشگێرەکانی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی یەکەم کۆنتاکت و پێکدادانی نیزامی نوێی ئینقلابی لەگەڵ بزاوتی ژنان بوو. هەر بۆیەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوابەدوای سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی لە یەکەم هەنگاوەکان دا بە دانانی کۆمەڵە یاسایەکی نوێ بە پشت بەستن بە دەقە ئایینی و بنەما شەرعی‌یەکان گۆڕەپانی بەرەنگاری و بەرەوروو بوونەوەی لەگەڵ بزاوتی ژنانی دیاری کرد. پاشان بە گۆڕینی یاساکانی پشتیوانیی خێزان و دامەزراندنی چەند ئۆرگانیزمێکی وەك "ستادی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە"، گەشتەکانی سارولڵاو جوندولڵاو دواتر هێزە ئینتزامییەکان و ئاوەڵاکردنی دەستیان بۆ هەر چەشنە کارو کردەوەو پەلامارێك دەرهەق بە ژنانی مافخواز، کەوتە سەرکوتی بزاوتی یەکسانیخوازیی ژنان و هەوڵدان بۆ هەرەسی پێهێنان بە ئیرادەی بەرخۆدان و پشت ڕاستکردنەوەی ژنانی ئێران کە بە هیوای دەستەبەریی هەموو ماف و ئازادییەکانیان لەگەڵ ئەو شۆڕشە مەزنە کەوتبوون کە دەسەڵاتی پاشایەتیی تێکەوە پێچابوو.

بەڵام ئێستا دوای ٣٠ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەو دوای مانەوەو پەل هاویشتنی هەموو ئەو ئۆرگانیزمە سەرکوتکەرانەی ڕێژیم بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کەوا دیارە ژنان و بزاوتی ژنان سەرەڕای هەمووسەرکوتو گرتنو ئەشکەنجەو ئیعدامو دەستدرێژییەکان پێملی ویست و ئیرادەی ڕێژیم و ملکەچی یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی ئەو ڕێژیمە نەبووە، لە بەرامبەریش دا ئەگەر ڕێژیم دوای ٣٠ ساڵ لە ڕووی ناچارییەوە کۆمەڵە گۆڕانێکی ڕواڵەتیی لە بڕێ لە یاساکانی دا پێك هێنابێ، بەڵام تا ئێستا ئامادە نەبووە سەبارەت بە ڕێفۆڕم پێك هێنان لە تاقە یەك یاسای بنەڕەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنان دا یەك هەنگاو لە ویست و هەڵوێستەکانی خۆی پاشەکشە بکا.

کۆبوونەوەی ژنان لە ٢٢ی جۆزەردانی ٨٤ی هەتاوی لە پارکی "لالە"ی تاران کە دواتر کەمپەینی یەك میلیون واژۆ بۆ گۆڕینی یاسا نایەکسانەکانی لێ کەوتەوە، ئەگەر لەلایەك بە ئاماژەکانی باڵا کردن و گەشەی بزاوتی ژنان لێك دەدرێتەوە، بەڵام لە ڕوویەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنانی خستۆتە بەردەم ئەزموونێکی مێژوویی چارەنوس سازەوە.

هەوڵدان بۆ جێخستنی ئەو بیرو تێڕوانینەی کە بزاوتی مافخوازانەی ژنان لە نێو نیزامێکی سیکۆلارو لە جودایی دین لە سیاسەت لە کۆمەڵگەدا پێ‌دەگاو بە ئاکام دەگا، بەردەوام یەکێك لە ئامانج و کارکردەکانی بزاوتی ژنان بووە. بەڵام لە بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی کەمپەینی یەك میلیون واژۆ، لە و تارو لێدوانەکانی وتەبێژو بەڕێوەبەرانی ئەو کەمپەینە نەك لە هیچ شوێنێك و ئاماژەیەك بەو پێویستییە ژیانەکی‌یە، واتا پێویستیی جیایی دین لە سیاسەت نەکراوە بەڵکوو زۆر شەرمێونانە سەبارەت بە پێویستیی پێداچوونەوە بە یاساکانی ڕەوایی پێدەر بە هەڵاواردن بەردەوام پێ لەسەر ئەوەدا گیراوە کە ئەو داواو پێویستیی گۆرانکارییە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بنەماکانی شەرعیەت و یاسا دینی‌یەکان نیەو بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدرێ کە بگوترێ ئەو بزاوتە سیاسی نیەو کلتووری ـ کۆمەلایەتییە، یان ئەوەی کە ناتەباو دژی بنەما ئایینی و شەرعییەکان نیە. بەڵام شاردنەوەی ئەو ڕاستییە بەڕێوەبەرانی کەمپەینی تووشی پارادۆکس و تەنانەت گرفت لەگەڵ بەردەنگەکانی کردوە. چونکە لە کاتێك دا کە باس کردن لە ئازادییەکانی ژنان لە حیجاب رابگرە تا ئازادیی بڕیاردان بۆ ژیان و مافی تەڵاق و هەموو ماف و حەقێکی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان سیستمی سیاسی تووشی کاردانەوەو دژکردەوە دەکا، ئیدی چیدی هەوڵەکان بۆ خۆدزینەوە لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە کە ڕەوایی‌یەکەی لە بنەما شەرعی‌یەکان وەردەگرێ، بێ ئاکام و مەحاڵە.

بەرەی لاوی کۆمەڵگە، بزاوتی خوێندکاری و بزاوتی مەدەنی کۆمەڵگەی ئێران و شعووری سیاسیی بەرزی مافخوازان چیدی پێملی یاساو ڕێسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی ڕێژیم نابێ و ئەوە بەڕێبەرانی ئەو کەمپەینە دەبێ وریا بکاتەوە کە دەبێ سنووربەندییەکی ڕوون و ئاشکرایان لەگەڵ یاساکان و پارێزەرانی یاساکانی ڕێژیم هەبێ.

بۆ پێوەندی گرتن بە لاپەڕەی کۆمەڵایەتی:
komelayeti@hotmail.com

## هێرتامولێر، وەرگری نوبێلی ئەدەبیی ٢٠٠٩:

# دەنووسم چونکە دەترسم

ئامادە کردنی: ب.هیوا

ئەکادیمیی سوئید لە سەرەتای ئۆکتۆبری ئەمساڵ دا، خاتوو "هێرتا مولێر"ی وەك وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نوبێلی ٢٠٠٩ راگەیاند.

"هێرتامولێر" ساڵی ١٩٥٣ لە "نیتسکی دۆرڤ" لە نزیك شاری تیمشوارای رۆمانی لە دایك بووە. لە سەردەمی لاوەتییەوە رووی کردوەتە نووسەری. هێرتا، سەردەمی منداڵیی خۆی لە ژێر سێبەری قورسی دەسەڵاتی دیکتاتۆر نیکولای چائوشێسکۆ تێپەر کردوە. ئەو بە هەموو ئێسك و پێستەوە، دەردو ئازاری ژیان لە سێبەری ملهوڕی و زۆرداریی دا چێشتوە. لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی دا، ئەزموونی ژیانی خۆی لەو سەردەم دا باس دەکا.

هیرتامولێر لە دەیەی ١٩٧٠ بە تاوانی خۆبواردن لە هاوکاری لەگەڵ پۆلیسی نهێنیی حکوومەتی چائوشسکۆ، کاری دەوڵەتیی خۆی (ماموستایەتی)ی لە دەست داو، پاشان ساڵی ١٩٨٧ بۆ ئەڵمانی رۆژئاوا کۆچی کرد. یەکەم کۆمەڵە کورتە چیرۆکی مولێر کە ساڵی ١٩٨٢ بە زمانی ئەڵمانی لە دەرەوەی وڵات بڵاو بۆوە، لە رۆمانی سانسۆر کرا. یەکەم بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە بە قاچاغی لە دەرەوەی رۆمانی بڵاو دەبوونەوە. ساڵی ١٩٨٧، هێرتامولێر وێڕای ریچارد واگنێری مێردی، رۆمانیی بەجێ هێشت و لە ئەڵمانی رۆژئاوا گیرسایەوە.

هێرتامولێر ساڵی ٢٠٠٥ کتێبی "شا کرنۆش دەباو دەکوژێ"ی بڵاو کردەوە. نێوەرۆکی ئەم کتێبە لەبارەی زۆرداریی حکوومەتی رۆمانی لە سەردەمی چائۆشسکۆ دایە. لەم کتێبەدا ٩ وتاری رەخنەگرانە بە دژی حکوومەتی چائوشسکۆی دیکتاتور هەن کە ئەزموونی نووسەر لەبارەی ژیانی ئەو سەردەم لە وتارەکان دا رەنگیان داوەتەوە. کتێبی ناوبراو تا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە ٢٠ زمانی دنیا.

هێرتامولێر، دوای گیرسانەوە لە ئەڵمان دەستی کرد بە وانە وتنەوە لە زانستگە. هیرتا لە ساڵی ١٩٩٧ەوە ئەندامی ئەکادیمیای زمان لە ئەڵمانە.

مولێر لە بنەماڵەیەکی ئەڵمانی زمانی رۆمانیدا لە دایك بووە. دایکی لەو ژنانەیە کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە هۆی هێزە سوپاییەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت رەوانەی ئۆردووگایەکی کاری زۆرەملی دەکرێ. بۆ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: "دوور خرانەوەی زۆرە ملی لەگەڵ هەموو چارەنووسی ژیانی من تێکەڵە. چونکە دایکم دوور خراوە بوو. نەك ئەو، بەڵکوو هەموو ئەوانەی هاوتەمەنی دایکم بوون، بێجگە لە پیاوەکان کە لە بەرەکانی شەڕ بوون. ئەم وەزعە لە ماوەی دیکتاتۆریی ساڵانی پەنجادا، رووی دا. ئەم ساڵانە، ساڵانێکی رەش و تاریك بوون. مرۆڤ لەسەر هەموو شتێك دەگیرا و رەوانەی زیندان دەکرا. قسەکردن لەبارەی دوور خرانەوەی زۆرە ملی بڤە بوو. ئەوانەی کە دوور خرابوونەوە، راستەوخۆ نەیان دەوێرا باسی دوور خرانەوەکەیان بکەن. بنەماڵەی ئێمە جووتێر بوون. هەستم دەکرد دایکم زۆر پەرێشانە، ئەوانەی دوور خرابوونەوە و لە ئۆردووگاکانی رووسیە گەڕا بوونەوە، جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیان لە بەر داکەندبوون، پرچە هۆنراوەکانیان بڕیبوونەوە. ئەم دیمەنانە هەموو کات لەبەر چاوم بوون و لە یەکێك لە کۆمەڵە چیرۆکەکانم دا ئاماژەم پێ کردوون."

هیرتا دەڵێ: "دوایین رۆمانی من، بەسەرهاتی من نیە. بەڵام بەسەرهاتی دەورووبەری منە. بەسەرهاتی دایکمە. لەبارەی ئۆردووگای کاری زۆرەملی و لە بارەی ژیانی تێکەڵ بە فەلاکەتی نێو ئۆردووگاکان و قەڵاچۆی بەرنامەبۆدانراوی دوور خراوەکان لەو ئۆردووگایانە دایە."

بنیاتی نوبیل لە کاتی راگەیاندنی هەواڵی نۆبێلی ئەدەبیی ئەمساڵ لە بەیاننامەکەی دا گوتی: "هێرتا مولێر بە ئاوێتە کردنی شێعر و پەخشانی ریالیستی، دوورە دیمەنەکانی ئاوارەیی بە جۆرێکی کارتێکەر لە بەرهەمەکانی دا وێنا کردوە". "پیتر ئەنگلۆند" وتەبێژی ئەکادیمیای نوبێل لە کاتی راگەیاندنی نوبێلی ئەدەبیی ٢٠٠٩دا گوتی: "هێرتا مولێر نووسەرێکی بەهێزە کە خاوەنی شێوازێکی سەر سوڕ هێنەرە. ئەو هەم خاوەنی زمانێکی راشکاوی تایبەتە و هەم بەراستی خاوەنی چیرۆکێکی سەرنجراکێش لەبارەی ژیان لەژێر سێبەری سیستمێکی دیکتاتۆرە. ئەو ژیان وەك غەریبەیەك (نامۆیەك) لە بنەماڵەی خودی مرۆڤ دا وێنا دەکا".



هێرتا کە بە خاوەنی زمانێکی راشکاو ناسراوە لە وتووێژێك دا دەڵێ: "بە دەستەوەبوونی وشەو هەست کردن بە واتا شاراوەکانیان، دوو شتی لێك جیاوازن. واتێدەگەم جوانترین رووەمای رومانیاییەکان زمانی رۆژانەیانە. من کاتێك لە کارخانەیەکی ئۆتومبیل سازی کارم دەکرد ئەم زمانە فێربووم. هێندێك کەس ئەمرۆ لە منیان دەپرسی کە لە ئاوانگاردەکان چ شتێك فێربووم، من لە وڵام دا وتم زۆر زیاتر لە ئاوانگاردەکان، لە گۆرانییە فولکلورییەکان فێر بووم. کاتێك بۆ یەکەم جار بوو کە بەراستی تێگەیشتم کە فولکلۆ یانی چی".

"زمان و ترس" دوو تایبەتمەندیی هەرە دیاری بەرهەمەکانی هێرتا مولێرن. لە جێیەك دا نووسیویە: "لەو کاتەوە کە دەستم کرد بە بیرکردنەوە و ترسم وەلانا، بە گەورەترین دەستکەوتی ژیانم گەیشتم".

لە بەرهەمەکانی هێرتامولێر تەنیا رۆمانی "سرزمین گوجەهای سبز"، (سەرزەیی تەماتەی کاڵ)ی لە لایەن غولامحوسێنی میرزا ساڵح کراوە بە فارسی کە ساڵی ١٣٨٠ بڵاو بۆتەوە و ساڵی ١٣٨٦ جارێکی دیکە لە لایەن چاپەمەنیی مازیار، لەژێر ناوی "قلب حیوانات" (دڵی ئاژەڵان) سەر لە نوێ چاپ کراوەتەوە. ئەم رۆمانەش باس لە ژیان لە سێبەری دیکتاتۆری دا دەکا.

هێندێك لە بەرهەمەکانی هێرتامولێر بریتین لە:

١ـ تانگۆی خەمهێنەر، بوخارێست، ١٩٨٤

٢ـ رۆمانی پاسپۆرت، بێرلین، ١٩٨٦

٣ـ فێوریەی پێخواس، بێرلین، ١٩٨٧

٤ـ سەفەر لەسەر قاچێك، بێرلین، ١٩٨٩

٥ـ شەیتان لە ئاوێنەدا دانیشتوە، بێرلین، ١٩٩١

٦ـ ئەوان رۆژان، تەنانەت رێویش راوچی بوو ـ هامبورگ، ١٩٩٢

٧ـ برسی و ئاوریشم ـ کۆمەڵە وتار، هامبورگ، ١٩٩٥

٨ـ لە نێو داو دا، گوتینگن، ١٩٩٦

٩ـ ژنێك لە پرچەکانی دا زیندووە، هامبورگ، ٢٠٠٠

١٠ نیشتمان، ئەو شوێنەی مرۆڤ بە زمانی خۆی تێیدا دەدوێ، بلیکستلی، ٢٠٠١

١١ـ شا کرنۆش دەباو دەکوژێ، کۆمەڵە وتار ـ مونیخ، ٢٠٠٣

١٢ـ بەرێزانی رەنگ بزرکاو و فینجانەکانی ئیسپرسۆ ـ مونیخ، ٢٠٠٥

١٣ـ هەورازو نشێوی هەناسەدان، مونیخ، ٢٠٠٩

هێرتامولێر کۆمەڵێك خەڵاتی ئەدەبیی جۆراوجۆریشی تا ئێستا وەرگرتوون:

خەڵاتی ئادام مولێر گوتنبێرن، ئەزموونی ئەدەبیی تیمشوارا، ١٩٨١

خەڵاتی ئەدەبیی ئێسپێکتە، ١٩٨٤

خەڵاتی ئەدەبیی رەئاوریس، ١٩٨٥

خەڵاتی ماری لوییزە ـ فلالیسا ـ فلبر، ١٩٨٩

خەڵاتی زمانی ئەڵمانی بە هاوبەشی لەگەڵ گێرهارد مسزجکا، هیلمۆت فراندورفێر،کلاوس هنسل، یوهان لیپت، وارنر سولز، ویلیام قوتوك و ریچارد واگنێر، ١٩٨٩

میدالی زانستی روسوتیای شاری بەدگرندیشم، ١٩٩٠

خەڵاتی ئەدەبیی کرانیش شتاینا ١٩٩١ خەڵاتی ئەدەبیی ئاریستسون ١٩٩٥، خەڵاتی فرانتز کافکا ١٩٩٩، خەڵاتی سیسرۆن، ٢٠٠١

میدالی کارل زوکمایر ٢٠٠٢، خەڵاتی ئەدەبیی کنراد ٢٠٠٤ ، خەڵاتی ئەدەبیی بێرلین ٢٠٠٥

خەڵاتی ئەدەبیاتی ئوروپایی وورس و خەڵاتی ئەدەبیی والتیر هسنلکور ٢٠٠٦، خەڵاتی ئەدەبیی نوبێل ٢٠٠٩

**سەرچاوەکان:**

ماڵپەرەکانی DW،BBC ، عصر نو، رضا قاسمی، رۆژنامەی تهران امروز

---

# بەرێوەچوونی کۆڕە شێعرێك بۆ "بۆران"ی شاعیر لە شاری هەولێر



دوانیوەرۆی رۆژی دووشەممە، ٢٠ ی رەزبەر ، سەنتەری لاوانی میدیا لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان ، کۆڕەشێعرێکی بۆ شاعیری هەست ناسکی رۆژهەلاتی کوردستان نادری نیروومەند ناسراو بە بۆران بەڕێوە برد.

لەو کۆڕە شێعرەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەک لە لایەنگرانی شێعر و ئەدەب دۆستان و هەروەها هەیئەتیک لە راگەیاندنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەڕێوە چوو، بۆرانی خاوەن هەست و هەستیار چەند کۆپلە شێعرێکی خۆی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

بۆرانی شاعیر لە سەرەتای کۆڕە شێعرەکەی دا باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ خۆشەویستیی تایبەتیی خۆی بۆ منداڵانی کورددا کرد و یەکێک لە بەرهەمە شێعرییە چاپنەکراوەکانی خۆی بە ناوی ١٢ پەند بۆ منداڵانی کورد خوێندەوە و دواتر بە خوێندنەوەی چەند غەزەلێک ئاوپرشکێنی دڵی تینووی ئامادەبووانی کۆرەکەی کرد.

شایانی باسە ، نادر نیروومەند ناسراو بە بۆران ساڵی ١٣٤٩ ی هەتاوی لە گوندی ساروقامیش لە ناوچەی فەیزوڵلابەگیی بۆکان لە دایک بووە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان هەردوو لاقەکانی لە دەست داوە، بەڵام ئەو رووداوە کۆڵی بە بۆران نەداوە و بۆرانی شاعیر خوێندنی تا پلەی لیسانسی ئەدەبیات و زمانی فارسی درێژە پێداوە.

نادرنیروومەند ئەندامی چالاکی ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری بۆکان و بۆ چەند دەورەش ئەندامی بەرێوەریی ئەو ئەنجومەنە بووە.

شایانی باسە کە " جغەتووی فرمێسک" بەرهەمێکی شێعریی چاپکراوی بۆرانە و بۆرانی شاعیر ٤ بەرهەمی ئەدەبیی ئامادە بە چاپیشی لە بەر دەست دایە.

---

# کۆچی دوایی هونەرمەند ئەردەڵان بەکر لە وڵاتی سوئێد



رۆژی یەکشەممە ١٩ی رەزبەر ، گۆرانیبێژی کورد ئەردەلان بەکر، بە هۆی نەخۆشیی دیابێت کۆچی دوایی کرد.

ئەم گۆرانیبێژە چەند ساڵ بوو نەخۆشیی دیابێتی هەبوو، بەڵام لە رۆژی ١٨ی رەزبەرەوە باری تەندروستیی بەرەو خراپی چوو و هەر بۆیەش رەوانەی نەخۆشخانەی "کارولینسکا" لە شاری ستۆکهۆڵم پێیتەختی سوید کرا و لە ئاکامی پەرەسەندنی نەخۆشییەکەیدا هەردوو گورچیلەی وەستان و بەم هۆیەشەوە کۆچی دوایی کرد.

جێگەی ئاماژەیە، ئەردەلان بەکر هونەرمەندێکی خۆشەویست و جێی رێزی کوردان بوو و لە ماوەی خزمەتی بە گۆرانی و هونەری کوردی دا گەلێک بەرهەمی جوانی لەدوای خۆی دا بۆ لایەنگران و خۆشەویستانی دەنگە بە سۆزەکەی بە جێ هێشتوە.

---

# ماڵاوایی یەکجاریی شاعیری خاوەن هەستی مەهاباد ئەبووبەکری رەشیدزادە

رۆژی شەممە، ١٨ی رەزبەر تەرمی شاعیری مەهابادی ئەبووبەکری رەشیدزادە ناسراو بە فوڕات بە بەشداریی دەیان شاعیر و نووسەر، مێژوو نووس و رۆژنامەنووس و لێکۆلەری بواری کلتوور و ئەدەبی کوردی لە گۆڕستانی ئەم شارە بە خاک سپێردرا. کۆڕی پرسە و سەرەخۆشیی شاعیری کۆچکردوو ئەبووبەکری رەشیدزادە رۆژی یەکشەممە، ١٩ی رەزبەر بە بەشداری سەدان کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد و ناوچەکانی دەورووبەر و کۆمەڵگای ئەدەبیی کوردستان لە شاری مەهاباد بەرێوەچوو.

لەم مەراسیمە دا "هەرمان وەتمانی" دوای خوێندنەوەی شێعرێک لە فوڕات پەیامی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەهابادی خوێندەوە و لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبییەوە سەرەخۆشیی لە بنەماڵە و کەسوکاری فوڕات کرد. جێگای ئاماژەیە کە ئەبووبەکری رەشیدزادە ناسراو بە فوڕات، چەندین دەفتەری شێعر هەیە کە بڕیارە بە هاوکاریی ئەنجومەنی ئەدەبی و کلتووری و هونەریی مەهاباد چاپ و بڵاو بکرێنەوە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 521    22 Oct 2009

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental  -  S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لەماڵاوایی

# کارەساتی ئێعدامی میرمنداڵان لە ئێران دا

قادر وریا

لە ١٩ی رەزبەری ئەم ساڵ دا، بێهنوود شوجاعی ئێعدام کرا. بێهنوود ئەو لاوە بوو کە لە تەمەنی مێرمنداڵی دا ببووە هۆی کوژرانی مێرمنداڵێکی دیکەو پاش چەند ساڵ چاوەڕوانیی ئێعدام و بەخشین، سەرنجام ئێعدامی بەنسیب بوو.

هەر ئێستا کۆمەڵێك لاوی دیکە کە لە تەمەنی مێرمنداڵی دا تاوانیان ئەنجام داوە، چاوەڕوانی بەڕێوە چوونی سزای ئێعدامن. محەممەد مستەفایی پارێزەری ژمارەیەك لەو مێرمنداڵانە کە پارێزەری بێهنوود شوجاعییش بوو، داوای لە خێرخوازان کردوە بەمەبەستی نەجاتی گیانی ئەو مێرمنداڵە بەمەرگ مەحکووم کراوانە بەدانی یارمەتیی ماڵی، هاوکاریی بکەن بۆ ئەوەی " دیە"ی کوژراوەکان بەم رێگایەدا دابین بکرێ و رەزامەندیی بنەماڵەکانیان بۆ ئازادیی مێرمنداڵانی چاوەڕوانی سزای مەرگ بەدەست بهێنرێ.

ئێران لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دایە کە منداڵان و مێرمنداڵان بەمەرگ مەحکووم دەکەن. بەپێی راپۆرتی ساڵی ٢٠٠٧ ی رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن لە ساڵی ١٩٩٠ەوە تا ٢٠٠٧، ٢٤ حوکمی ئێعدام بۆ منداڵانی خوار ١٨ ساڵ لە ئێران دەرچووە کە ١١ حوکمیان دەستبەجێ جێبەجێ کراون و ١٣ کەسیش دوای ئەوەی تەمەنیان گەیشتۆتە ١٨ ساڵ ئێعدام کراون. تەنیا لە ماوەی ٣ساڵ دا ( لە ٢٠٠٤ ەوە تا ٢٠٠٧ ) ١٧ منداڵ لە ئێران ئێعدام کراون.

ئەوەکە وڵاتی ئێران لە ئاستی دنیا دا مەقامی یەکەمی لە ئێعدامی منداڵان دا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ قانوونە کەیفەرییەکانی ئێران کە تەمەنی سزادانی بۆ کوران ١٥ ساڵ و بۆ کچان ٩ ساڵی دیاری کردوە. ئەم سالانەش بۆیە کراون بە بناعەی سزادران، چونکە بەپێی رێوشوێنە فیقهی‌یەکان ئەم سالانە تەمەنی بالغ بوون یا خۆناسینی کوڕان و کچانن.

ئێعدامی مێرمنداڵان لە ئێران لەکاتێك دایە کە کۆماری ئیسلامی لەساڵی ١٣٧٥ی هەتاوییەوە چووەتە ریزی وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەی مافی منداڵان. ماددەی ٣٧٨ ی ئەم پەیماننامەیە دەڵێ سزای مردن یا زیندانی ئەبەدی نابێ بۆ ئەو تاوانانە دیاری بکرێن کە کەسانی خوار ١٨ ساڵ ئەنجامیان دەدەن. لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی بەندی ٥ی ماددەی شەشەمی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکان کە کۆماری ئیسلامییش بە واڵەت پێی پابەندە، حوکمی ئێعدام نابێ بۆ کەسانی خوار ١٨ساڵ دەربکرێ.

کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێك دا، پلەی یەکەمی بۆ خۆی لە ئاستی دنیا لە ئێعدامی مێرمندالان دا تەرخان کردوە، کە خۆبواردن لە سزای مەرگ بۆ منداڵانی تاوانبار، لە ئاستی دنیا دا بەشێوەیەکی بەرین پەرەی ئەستاندوەو بووبەە رێسایەکی باو لە حوقووقی نێو نەتەوەیی دا. سەرەڕای ئەم راستییەو لەگەڵ ئەوەش دا کە زۆر لە چالاکانی بواری مافی مرۆڤ پارێزەران و دامەزراوو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان لە ئاستی ئێران و دنیا دا، داوای هەڵگرتنی سزای ئێعدام بۆ کەسانی خوار ١٨ ساڵ دەکەن، رێژیمی ئێران لەسەر ئێعدامی مێرمنداڵان یا ئەو کەسانەی لە تەمەنی مێرمنداڵی دا تاوانیان ئەنجام داوە، بەردەوامە.

بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامی بێهنوود شوجاعی لە ١٩ی ئەم مانگە دا زەنگێکی وریاکەرەوەیە بۆ هەموو ئەو کەس و ناوەند و دامەزراوانەی نیگەرانی چارەنووسی دەیان مێرمنداڵی بەمەرگ مەحکووم کراو لە بەندیخانەکانی ئێران دان. نەجاتی گیانی ئەو مێرمنداڵانە لە گرەوی ئەو هەواڵانە دایە کە دەبێ بەمەبەستی گوشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و بەنیازی لابردنی سزای مەرگ بۆ کەسانی خوار ١٨ ساڵ، بەرێوە بچن. لە حاڵێك دا لە زۆر شوێنی جیهان خەریکە سزای ئێعدام بۆ گەورەکانیش وەلا دەنرێ، لە ئێران رەحم بە کەم تەمەنەکانیش ناکرێ و سزای مردنیان بەسەردا دەسپیندرێ. ئەم مێرمنداڵانە کە پەنا بردنیان بۆ تاوان و جنیایەت، بەر لە هەموو شتك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسی‌یەی تێی دا گەورەبوون، مافی خۆیانە دەرفەتی ژیانیان پێ بدرێ و هەر لە سەرەتای تەمەن دا لە مافی ژیان بێبەش نەکرێن. ئەم مێرمندالانە، زگماك تاوانبار نەبوون و بە تاوانباری لە دایك نەبوون. ئەوان پەروەردەی هەلومەرجێکی نالەباری بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورین کە بۆ خۆیان هیچ رۆڵێکیان لە پێك هاتنیان دانەبووە.

تاوانباری سەرەکی لە پێکهاتنی بوار بۆ پەنابردنی ئەوان بۆ توندوتیژی، دزی و تاوان و بە لاڕێدا چوونی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگە و ئەو دەسەڵات و دامەزراوانەن کە ئیدارەی کۆمەڵیان لە سەر شانە. ئەوان ئەگەرتاوانیشیان کردبێ دەبێ پەروەردە و ئیسلاح بکرێن و بۆکۆمەڵ و وڵاتی خۆیان بکرێن بە کەسانێکی بەکەڵك نەك لە سەرەتای ژیان دا، سزای مەرگیان بە سەردا بسەپێندرێ.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوان دەبن بە قوربانیی نەبوونی و دەسکورتیی بنەماڵەکانی خۆیان. بەم هۆیەوە کە کەسوکار و بنەماڵەکانیان ناتوانن "دیە"ی ئەو کوژراوانە بدەن کە بەدەستی نەوجەوانەکانی ئەوان گیانیان لێ ئەستێندراوە، ناچارن بچنە پای داری ئێعدام. لێرە دایە کە داوای هاوکاریی پارێزەر محەممەد مستەفایی شیاوی لە سەر راوەستان و هەڵوەستە لە سەر کردنە. ئەگەر بنەماڵەکانی ئەم مێر منداڵە بە مەرگ مەحکووم کراوانە لە باری ماڵییەوە یارمەتی بدرێن و لە دابینکردنی "دیە"ی کوژراوەکان و بەدەستهێنانی رەزامەندیی بنەماڵەی کوژراوەکان دا، هاوکاری بکرێن، مەترسیی ئێعدام و مۆتەکەی مەرگ لە سەر ژمارەیەکی زۆر لە مێرمنداڵانی چاوەڕوانی مەرگ لا دەچێ.

با هەمووماں، هەریەکەی بە هەر شێوەیەك بۆمان دەگونجێ دژی ئێعدامی منداڵان و مێرمنداڵان دەنگ بەرز بکەینەوە و، فریای گیانی ئەو نەوجەوانانە بکەوین کە چاوەیان بڕیوەتە هەوڵە ئینسانییەکانی ئێمە..

# ویلاگنووس

## گۆشەیەك بۆ ناساندنی وێبلاگە کوردییەکان

وێبلاگی "ئیزیرتۆ" سەر بە دامەزراوەی نادەوڵەتی هەر بەم ناوەیە کە لەپێناوی پاراستن و ناساندنی شوێنەوارە مێژوویی، فەرهەنگییەکان، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەیی فەرهەنگی لە ئاستی جیهانی دا چالاکە. ئەم وێبلاگە بەتایبەتی بە مەبەستی ناساندنی شوێنەوارە مێژووییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و گەیاندنی هەواڵ و وشیارکردنەوەی خەڵك لە سەر تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت جێی خۆی کردۆتەوە.

لەم لاپەڕە بابەتەکانی وەك (زاڕۆك، شایی مشکەبۆر) منتشرشد، "گزارشی دربارەی زیویە و زخمهای کهنەای کە برتن دارد"، "تنها سند ٣هزار سالە بیجار در حال نابودی است". "ساخت مستند"نیایشگاه مانایی قلایچی" در بوکان پایان یافت"، اتمام تنها موزە باستان شناسی ایلام پس از ٩سال، ثبت جهانی زیویە با ساخت مدرسەای در نزدیکی ان بە بن بست می خورد،تالار ستوندار قلعه زیویە همچنان در حال دانش است. طاق حمام های تاریخی خدری در بانه یك بە یك فرو میریزد. غارت تپە باستانی سردشت همچنان ادامه دارد و هەروەها چەندین بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان و کەمتەرخەمی دەوڵەت سەبارەت بەو بەشە لەناسنامەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم لاپەڕەیە دەنەخشێنن. خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانە ئینتێرنێتییە بکەن




http://www.izirtu.blogfa.com/

# خەڵاتی نوبێلی ئابووری و ئاشتی بە ئەمریکاییەکان درا

باراك ئۆباما، چلو چوارەمین سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی"هەوڵەکانی لەپێناو چڕکردنەوەی دیپلۆماسیی نێونەتەوەییدا" بوو بە خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل.

ئۆباما کە هێشتا ساڵێك بەسەر سەرکۆمارییەکەی دا تێنەپەڕیوەو تەمەنی ٤٨ ساڵە زۆر چاوەڕوان نەکراو لەلایەن کۆمیتەی نوبێل لە نورویژ بە براوەی خەڵاتی ئاشتی نوبێل ناسێندرا.

هەروەها خەڵاتی ئابووریی نوبێلیش بەهۆی تاوتوێی چۆنیەتیو ئاکامەکانی بڕیارە گرینگە ئابوورییەکانی دەرەوەی میکانیزمی باوی بازار بەدوو ئابووریزانی ئەمریکایی بە ناوەکانی ئالنور ئیستروم و ئۆلیور ویلیامسۆن گەیشت.




ئیستروم، مامۆستای زانکۆی ئیندیانا، یەکەم ژنە کە لە مێژووی خەڵاتی نوبێل دا بووەتە خاوەن خەڵاتی نوبێل لە لکی ئابووری دا. ئەو خەڵاتە کە یەکەمین جار ساڵی ١٩٦٩و بەبۆنەی سیسەدەمین ساڵی دامەزرانی بانکی ناوەندیی سوئید بووەتە باو تا ئەمساڵ هەر بە پیاوان بڕابوو.

# هێرتا موڵێر خەڵاتی نوبێلی ٢٠٠٩ی بردەوە



نووسەری" قەرەڵووە نەگەیوەکان"، هێرتا موڵێر چیرۆك نووس و شاعیری ئەڵمانی بە رەچەڵەك رۆمانیایی بەرزترین خەڵاتی وێژەیی جیهانی پێدرا

موڵێر کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٣ی وڵاتی رۆمانیە، ئەو خاتوونەیە کە خەڵاتی نوبێلی ٢٠٠٩ی بە بڕی یەك میلیون و نیو دولار بردەوە.

خاتوو موڵێر کە بەهۆی هاوکاری نەکردن لەگەڵ دەوڵەتی دیکتاتۆری رۆمانی دوای ئەوەی کارەکەی لە دەست داو کەوتە بەر هەڕەشەی دەستو پێوەندییەکانی دەوڵەتی چانوشسکۆ ساڵی ١٩٨٧ چووە ئەڵمان و هەنووکە لە بەرلین نیشتەجێیە بەچەندین خەڵاتی دیکەی وەك کلاسیت، فرانتز کافکاو هەروەها ئیم چکی بەهۆی ئەم رۆمانەیەوە واتا" قەرەڵووە نەگەیوەکان" کە باس لە بەسەرهاتی پێنج لاوی رۆمانیایی سەردەمی حکوومەتی چانوشسکۆ دەکا بردۆتەوە.

# درانی خەڵاتی مافی مرۆڤی "خوان ماریا باندراس" بە لەیلا زانا



رۆژی چوارشەممە، ٣٠ ی رەزبەر (٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩) خەڵاتی مافی مرۆڤی "خوان ماریا باندراس" بە چالاك و سیاسەتمەداری کورد" لەیلا زانا" درا.

بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی ئەوێستا، لە رێورەسمێکدا کە بەم بۆنەیەوە پێك هاتبوو سەرەتا فیلمێکی ویدیۆیی سەبارەت بە کەسایەتی و ژیانی لەیلا زانا و تێکۆشانی سیاسیی ناوبراو پیشان درا.

لەیلا زانا کە نەیتوانیبوو لەو رێورەسمە دا بەشدار بێ، پەیامێکی تایبەتیی بۆ رێورەسمەکە و بەشداربووان ناردبوو و لەودا ئاماژەی بە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیە دا کردبوو.

شایانی باسە لەیلا زانا یەکێك لە ژنە تێکۆشەرەکانی کورد لە بواری مافی مرۆڤە و تا ئێستا چەند جار لە لایەن دادگای تورکیەوە حوکمی زیندانیی بەسەر دا سەپاوە.

# کچە راوێژکارێکی ئەحمەدی نژاد داوای پەنابەری لە ئاڵمان کرد




"نەرگس کەڵهوڕ" کچی مێهدی کەڵهوڕ راوێژکاری راگەیاندنی ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری داسەپاوی ئێران کە بە فیلمی "دار خیش" بەشداری لە فیستیڤاڵی "نورنبێرگ" دا کردبوو دوای کۆتایی هاتنی ئەم فیستیڤاڵە داوای مافی پەنابەری لە وڵاتی ئاڵمان کرد.

نەرگس لە وتووێژێك لەگەڵ "رادیو فردا" دا هۆی ئەم داوایەی بە زاڵبوونی کەشی ترس و تۆقاندنی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی بەسەر کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران دا دەربڕی.

لەم لایەشەوە راوێژکارەکەی ئەحمەدی نژاد وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە وتوویەتی کە خێزانەکەشی ماوەی چوار ساڵە بە هۆی نارازی بوون لە هاوکاریم لەگەڵ ئەحمەدی نژاد لێم جیا بۆتەوەو نەرگسیش ئەو ماوەیە لەگەڵ دایکی ژیاوە.

# داریژەرانی مودێلی سێ بوعدی ریبوزۆم خەڵاتی نوبێلی شیمی‌یان بردەوە




دوو شیمیزانی ئەمریکایی بە ناوەکانی وێنکاترامان راماکریشنان و توماس ئیشتایتز و شیمیزانی ئیسرائیلی ئادا یوناس خاوەنی خەڵاتی نوبێلی شیمی ٢٠٠٩.

ئەو بیرمەندانە بەهۆی لێکۆڵینەوەی دوورودرێژی خۆیان پێکهاتەی ئەتۆمەکانی ریبوزومەکانیان روون کردۆتەوە کە ئەو توێژینەوانە دەتوانن رێخۆشکەری پەرەو بەرهەم هاتنی ئانتی بیوتیکە نوێیەکان بن. ئەو مودێلە سێ بوعدییەی کە ئەم بیرمەندانە دایانڕشتوە هەڵکەوتی هەزاران ئەتومی پێکهێنەری ریبوزومەکان و چۆنیەتی راکێشانی ئانتی بیوتیکە جۆراوجۆرەکان لەلایەن ئەو ئەتۆمانەوە نیشان دەدا.

